پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی (١٧)

# محمدی مەهدی


نوسینی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان




بسم الله الرحمن الرحيم

## دەستپێك

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله الذي لايبقى الا وجهه، ولا يدوم الا ملكه، وكل شيء هالك الأ وجهه، له الحكم وإاليه المصير، والصلاة والسلام على شمس الوجود، وعلى آله وأصحابه النجوم، ومن اتبعهم إثر أنوارهم وإشاراتهم الى يوم البعث والنشور.**

**أما بعد:**

**"خۆشەویستان": کێشمە کێشی باس و خواسی مەهدی لەکۆن و نوێوە قسەو باسی زۆر لەسەر کراوە چ وەك پشتیوانیکەرێك یان وەك ئینکاریکەرێك، جا بیرۆکەی مەهدی و مەهدی بوون زیاتر دڵ و هۆشی دیندارەکانی گرتووە بۆ ئەوەی لە میژووی مرۆڤایەتیدا ببنە ئەو کەسایەتیە ناوازەیە کە لە فەرموودەکاندا ئاماژەی پێککراوە، وە لای مەزهەبەکانی ئیسلامیش هەر یەکەو ڕاجیایی خۆیان لەسەر ئەم بابەتە هەیە، بۆ نموونە لای زۆرینەی زاناکانی ئەهلی سوننەو جەماعە پێیان وایە ئەو کەسایەتیە ناوی محمدی کوڕی عبد الله یە، ناوەکەی وەکوو ناوی پێغەمبەری ئازیزمانە،**

صلی الله علیه وسلم، وە ناوی باوکیشی وەکوو ناوی باوکی پێغەمبەرە صلی الله علیه وسلم، وە لای شیعەی ئیمامیش بەوە ناسراوە کە ناوی محمدی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلیە لە دایك بووی (٢٥٥کۆچیە)، ئەمە ئیمامی دوانزەهەمیانە بەبڕوای خۆیان، جا پێیان وایە کە ئیمامی حەسەنی عەسکەری کە ئیمامی یانزەهەمینە لایان کوڕێکی هەبووە ناوی محمد بووە، ئیتر لە ترسی دەوڵەتی عەباسی ئەم کوڕەی شاردووەتەوە تەنیا نزیکەکانی خۆی پێیان زانیوە، دواتر بزر بووە، ئێستاکەش لە سەردابەکەی سامەڕایە کە شوێنێکە لە ژێر زەویدایەو پێیان وایە ئەو مەهدی چاوەڕوانکراوە، کە لەوێ بزر بووەو ڕۆژێ دێ دەردەچێ، ئێمەش هەڵساوین بە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتە ئایا بڕوا کردن پێی یان نەکردنی پێی مرۆڤ دەخاتە دەرەوە لە بازنە ئیسلامەتی؟ چونکە دەمێکە کەسانێکی تازە پێگەیشتوو دەبینین کە زۆر خوێن گەرمن بۆ ئاینەکەیان ئەمەش لە دڵسۆزی خۆیتیان زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەو کەسانە دەدەنەوە کەوا ئەگەر بێت و بڕوای بە هاتنی مەهدی نەبێت، بەڵکوو ئەگەر دانبەخۆیاندا نەگرن ئەوە یەکسەر دووچاری تەکفیر کردن دەبن و ئەو کەسە دەخەنە دەرەوەی بازنەی ئیسلامەتیەوە، جا بەڕاستی ئەمەش ئەو پەڕی ستەمە، ئێمەش هەوڵمانداوە هەندێ لە فەرموودەکان بهێنین و تەخریجیان بکەین و قسەی هەندێ لە زانا

فەرمووودەناسەکان بهێنین دەربارەی صیححەتی فەرمووودەکان، وە ئێمەش لە پەراوێزدا تەخریجی فەرمووودەکانمان کردووەو ڕاویەکانیشمان پۆلین کردووە کە ئایا زەعیفن یان بەهێزن.

تێبینی:

١ـ خوێنەری بەڕێز هەرکاتێك ئەمەت بەرچاو کەوت (ب٣/ل٦٥/ژ٦٢٥) ئەگەر فەرمووودە بوو ئەوە مەبەستمان پێی بەرگی کتێبەکەو لاپەڕەی کتێبەکەو ژمارەی فەرمووودەکەیە کە لەو کتێبەدا هاتووە. وە ئەگەر لە پێناسەی ڕاویەکان بەرچاوت کەوت ئەوە هەمان مەبەستی پێشومان هەیە بەڵام ئەوەندە هەیە ژمارەکەی ئێرە ژمارەی فەرمووودە نیە بەڵکوو ژمارەی ناوی ڕاویەکەیە لەو کتێبە کە پێناسەی کراوە.

٢ـ ئەگەر لە پەراوێزدا دەستەواژەی صەحیح یاخود حەسەن یاخود حەسەن و صەحیح یاخود حەسەنە بە غەیری خۆی یاخود صەحیحە بەغەیری خۆی یان سەنەدەکەی حەسەنە یاخود سەنەدەکەی صەحیحە یاخود بەهێزە یاخود چاکە ئەوە بێگومانبەو کار فەرمووودەکە دەکرێ. بەڵام ئەگەر دەستەواژەی

زەعیفت بەرچاوکەوت ئەوە کار بەفەرموودەکە ناکرێت، تەنیا لەکاروباری خێرو چاکە نەبێ هەروەك تێکرای حافیزەکان فەرموویانە[1].

هیوا خوازم لە گشت موسڵمانێك ئەم لێکۆڵینەوەمان بە سینگێکی فراوانەوە لێ وەربگرن و بابەتەکە نەبەنە ژێر ستەمی دەمارگیریەوە، چونکە لە ڕۆژی دوایی پەشیمانی دادی نادە. وە هیوا خوازیشم گەر هەڵەیەکتان بینی ئێمەی لێ ئاگادار بکەنەوە چونکە ئێمەش مرۆڤین و هەڵەکارین.

وە هیوادارم ئەم نامیلکەیە ببێتە ڕێ خۆشکەرێك بۆ لێکۆڵینەوە زیاتر لە بابەتە دینیەکان، وە ببێتە ڕێ نیشاندەرێکیش بۆ گشت خوشك و برای دین پەروەرم، وە تکام وایە لە خوای مەزن ئەم کارەمان لێ قەبوڵ بفەرمووێت و ببێتە توێشوویەك بۆ ڕۆژی دوایمان.

نوسینی

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

١٠ حوزەیرانی/٦/٢٠١٨ زاینی ــ ٢٥ ڕەمەزانی/٩/١٤٣٩ کۆچی

کوردستان ــ هەولێر

---

[1] بڕوانە: (مقدمة أربعين النووي).

ئەم پەیامە نوورینە لەم غولاّمە بێ دەسەلاّتەوە

بە نەسیمی شنەی ڕۆح ئەنێرم

بۆ شانازی مرۆڤایەتی، وە پەروەردگاری جیهانیان الله جل جلاله

بە فرمێسك و دڵی بریندارەوە ئەنێرم

بۆ باپیرە گەورەم فەخری کائینات، سارێژی برینداران

حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم

بە نهێنی ئازارەکانی دڵمەوە ئەنێرم

بۆ مامۆستاو تاجی سەرم شێخ عەباس فازڵ حەسەنی

بە کۆتری سپی ڕۆحەکان ئەنێرم بۆ هەموو ئەولیاکانی خوای گەورە

بە غەریبی و تەنیایی ئەنێرم بۆ دایەو بابەم

باوکی غەزالی

"خۆشەویستان": هەروەك لە پێشەکیەکەدا باسمان لێوە کرد لەگەڵ فەرموودەکاندا وتەی هەندێ لە زاناکانیشمان هێناوە، چونکە ئێمە لەو نامیلکە بچووکە ناتوانین گشت وتەکان بهێنین، دەمانەوێ بەکەمترین وشەی تەحقیقکراو بابەتەکە بوروژێنین، وە ئەوەی لەم نامیلکەیەدا بەدی دەکرێت شتێکی زۆر گرینگە ئەویش وتەی زانا بەناوبانگەکانی هێناوە ئەوانەی کە بوونی مەهدی دەسەلمێنن ئێمەش بەپێی وتەی زاناکان و لێکۆڵینەوە لە فەرموودەکان هەوڵمانداوە بەرپەرچی ئەوانە بدەینەوە کە ڕەتی مەهدیەت دەکەنەوە، وە کارێکیش ناکەین کە لەناو خەڵك شاز بێت، نەخێر بەڵکوو ئامانجمان لە دانانی ئەم لێکۆڵینەوە تەنیا بەرچاوڕوونی موسڵمانانەو وە دوورخستنەوەیانە لە کێشەی تەکفیر، کە ئەم بابەتە زۆر مێشکی بەندەی پێوە سەرقاڵ و ماندوو کردووە. ئێستاکەش دەچینە خزمەت موجتەهیدو زانای گەورەی حەنبەلیەکان کە بە شەیخولئیسلام ئەبو عەباس تقي الدين ئیبن و تەیمیەی حەڕڕانیە (قدس الله روحه).

**شێخ ئیبن و تەیمیە دەفەرمووێت: "ئەو فەرموودانەی کە دەکرێنە بەڵگە بۆ دەرچوونی مەهدی فەرموودەکانی صەحیحە کە ئەبو داودو ترمذی و ئەحمەدو غەیری ئەوانیش لە فەرمودەی ئیبن و مەسعودو غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردووە، وەکوو وتەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو فەرموودەیەی کە ئیبن و مەسعود ڕیوایەتی کردووە: ١. حدثنا مسدد، أن عمر بن عبيد، حدثهم، ح وحدثنا محمد بن العلاء، حدثنا أبو بكر يعني إبن عياش، ح وحدثنا مسدد، حدثنا يحي، عن سفيان، ح وحدثنا أحمد بن إبراهيم، حدثنا عبيد الله بن موسى، أخبرنا زائدة، ح وحدثنا أحمد بن إبراهيم، حدثني عبيد الله بن موسى، عن فطر، المعنى واحد، كلهم عن عاصم، عن زر، عن عبد الله، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: لو لم يبقى من الدنيا إلا يوم. قال زائدةُ في حديثه: لطول الله ذلك اليوم، ثم اتفقوا . حتى يبعث فيه رجلا مني . أو من أهل بيتي . يواطئ اسمه اسمي، واسم أبيه اسم أبي، زاد في حديث فطر: يملأ الأرض قسطا وعدلا كما ملئت ظلما وجورا، وقال في حديث سفيان: لا تذهب أو لا تنقضي الدنيا حتى يملك العرب رجل من أهل بيتي، يواطئ اسمه اسمي. قال أبو داود: لفظ عمر وأبي بكر بمعنى سفيان.[٢]**

---

[٢] ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ ٤٢٨١) ڕیوایەتی کردووە. شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "صەحیحە بەغەیری خۆی، وە ئەم سەنەدەش حەسەنە

لەبەر ئەوەی عاصمی تێدایە پیاوێکی ڕاستگۆیەو فەرموودەی حەسەنە، وە باقی پیاوەکانی تریشی متمانەپێککراون، وە فِطْر: ئەوە ئیبن و خەلیفەیە، وە زائیدەش: ئەوە ئیبن و قودامەیە. وە سوفیانیش: ئەوە سەوریە، وە یەحیاش: ئەوە ئیبن و سەعیدی قەططانە، وە ئیبن و لجەوزی لە (العلل المتناهية)(ب٢/ل٨٦١) ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە ئەحمەدیش لە (مسند أحمد)(ژ٣٥٧١)، وە ئیبن و حیببان لە (صحيح إبن حبان)(ژ٥٩٥٣) ڕیوایەتیان کردووەو سەنەدەکەشی حەسەنە. وە هەروەها لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١١٣١٣)، وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبی يعلى)(ژ٩٨٧)، وە ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٣/ل١٠١)، وە حاکم لە (مستدرك)(ب٤/ل٥٥٧) ڕیوایەتیان کردووەو سەنەدەکەشی صەحیحە". بڕوانە: (سنن أبی داود بتحقيق الشيخ شعيب الأرنؤوط)(ب٦/ل٣٣٧/ذ٤٢٨٢) طبعة دار الرسالة العالمية. ئەلبانیش بە حەسەن و صەحیحی داناوە بڕوانە: (سنن أبی داود بتحقيق الشيخ الألباني)(ب١/ل٧٦٥/ذ٤٢٨٢) طبعة مكتبة المعارف.

جەڕح و تەعدیلی ڕیوایەتەکەی ئەبو داود.

أ ـ ئەبو حەسەن موسەددەدی کوڕی موسەرهەدی کوڕی موسەربەلی کوڕی موستەورەدی ئەسەدی بەصری: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: متمانەپێککراو

حافیزه، وه له چینی دهیهمهو لهساڵی ۲۲۸کۆچی وهفاتی کردووه". بڕوانه: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٩٣٥/ژ٦٦٤٢). وه یهحیای کوڕی مهعین و یهحیای کوڕی سهعیدی قهططان و بوخاری و نهسائی و جهعفهری کوڕی عوسمان و ئیبن و ئهبی حاتهم متمانهیان پێداوه، وه ئهحمهدی کوڕی حهنبهل و محمدی کوڕی هاڕون بهڕاستگۆیان داناوه. خهلکێکی زۆر فهرموودهیان لێوه ڕیوایهتکردووه لهوانه بوخاری و ئهبو داودو غهیری ئهمانهش" بڕوانه: (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٠/ل٥٩١).

ب ـ یهحیای کوڕی سهعیدی کوڕی فهڕڕوخی تهمیمی، ئهبو سهعیدی قهططانی بهصری: ئیبن و حهجهر ئهفهرمووێت: متمانهپێککراو شارهزاو حافیزو ئیمام و پێشهنگ بووه، لهچینی گهورهکانی نۆیهمه، له ساڵی ۱۹۸کۆچی وهفاتی کردووه"، بڕوانه: (تقریب التهذیب)(ب١/ل١٠٥٥/ژ٧٦٠٧). یهحیای کوڕی مهعین و ئهحمهدی کوڕی حهنبهل و ئهبوحاتهمی ڕازی و عهلی کوڕی مهدینی و بهندارو ئهبو وهلیدی تهیالیسی و ئهبی عهوانهو ئهبو بهکری صهغانی خهڵکی زۆر متمانهیان پێداوهو بهڕاستگۆیان داناوه". بڕوانه: (سیر الأعلام النبلاء)(ب٩/ل١٧٦).

ج ـ ئەبو عبد الله سوفیانی کوڕی سەعیدی کوڕی مەسرِوقی سەوری: ئیبن و حەجەر لەبارەیەوە ئەفەرموویّت: "متمانەپێککراو حافیزو شەرِعزان و عابید و ئیمام و حوججە بووە، لەسەرووی چینی حەوتەمە، وە کەم جارانیّکیش تەدلیس ئەکات، لەسالّی ١٦١ کۆچی وەفاتی کردووە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٩٤/ژ٢٤٥٨). وە (سیر الأعلام النبلاء)(ب٧/ل٢٣٠).

د ـ ئەبو بەکری قورِئان خویّن عاصمی کوڕی بەهدەلە کە ئیبن و ئەبی نەجودی کوفیە: ئیبن حەجەر ئەفەرموویّت: "ڕاستگۆیەو وەهمیشی هەیە، وە فەرموودەشی لە هەردوو صەحیحەیندا بەیەك بەستراوەتەوە". فەرموودەی بەیەك بەستراوەتەوە ئەوەیە: کەسی فەرموودە گێرەرەوەکە بلّێ: فلاّن و فلاّن بۆیان باس کردین (حدثنا فلان وفلان)، جا متمانەپێککراوەکە هیچ زیانێکی پێ ناگەیەنرێت بەهۆی ئەو ڕاویە زەعیفەی کە لەو نزیککراوەتەوە بەلّکوو سوودی بۆ ڕاویە زەعیفەکەش ئەبێت، پوختەی وتە هەوالّەکە زیاتر بەهێز ئەبێت ئەگەرچی ئەو فەرموودەی کە موتابەعەشی کراوە زەعیف بێت، جا بوخاری موسلیم فەرموودەیان لەو پیاوەوە ڕیوایەت نەکردووە تەنیا بۆ بەهێزکردنی ئەو چەند ڕیوایەتەی خۆیان فەرموودەی ئەو پیاوەیان وەك بەیەك بەستنەوەیەك و نزیکخراوەیەك بەکاریان هێناوە. وە حافیزی عیجلیش ئەفەرموویّت: "خەلّکی

بەصرا دەیان گوت: "کەسێك بوو لە لوتکەی متمانە پێکردن بوو لە قورئاندا"، وە هەروەها متمانە پێکراویش بوو لە فەرموودەدا". بڕوانە (تقريب التهذيب)(ب١/ل٤٧١/ژ٣٠٧١). (كتاب الثقات للعجلي)(ب١/ل٢٣٩/٧٣٦) طبعة دار الكتب العلمية.

ع ـ ئەبو مەریەمی زیرری کوڕی حوبەیشی ئەسەدی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانەپێککراو گەورەو مەزنە، وە لە چینی دووەمە، لەساڵی ٨٢ یان ٨٣ کۆچی وەفاتی کردووە"، وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "زەمانی جاهیلیشی بینیوە، واتە سەردەمی پێش ئیسلامەتی، وە کە وەفاتیشی کرد تەمەنی ١٢٧ یان ١٢٢ ساڵ بوو والله اعلم. بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٣٣٦/ذ٢٠١٩). وة (سير الأعلام النبلاء)(ب٤/ل١٦٧).

ف ـ عبد الله کوڕی مەسعودی کوڕی غافیلی کوڕی حەبیبە، نەژادی بەڕێزیان ئەچێتەوە سەر موزەڕو نزار، واتە: لە باپیرە گەورەکانیان لەگەڵ پێغەمبەری خواﷺ یەك ئەگرنەوەو لەیەك هۆزو بنەماڵەن، دوای بیست و پێنج کەس لەوانەی کە لەسەرەتا بوونە موسڵمان ئەو بووەتە موسڵمان، پیاوێکی ئەسمەری کورتە بالاو زەعیف بووە. وە یەکێکە لە هاوەڵە کۆچەریەکان، زانایەکی بەرزی نێو هاوەڵی پێغەمبەری خوا بووەﷺ، توانیویەتی لەگشت جەنگەکان لەگەڵ

پێغەمبەری خوایەﷺ بەژداری بکات، وە شەست چوار فەرموودەی لە صەحیحەین بە موتتەفیقی ڕیوایەتی لێوە کراوە، وە بوخاریش بیست و یەك فەرموودەی بە جیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە موسلیمیش سی و پێنج فەرموودەی بەجیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە باقی فەرموودەکانی لای ئەوانەش ئەگاتە هەشت سەدو چل فەرموودە بە دووبارەوە، یەحیای کوڕی عوتبە ئەفەرمووێت: "شەست و سێ ساڵان ژیاوە"، وە یەحیای کوڕی کەثیریش ئەفەرمووێت: "لە ساڵی سی و سێ کۆچی وەفاتی کردووە"، زە هەبیش ئەفەرمووێت: "لەوانەیە لەسەرەتاکەی وەفاتی کردبێ"، وە هەندێکیش ئەفەرموون: "سێ ساڵان بەر لە ئیمامی عوسمان وەفاتی کردووە".بڕوانە: (سير الأعلام النبلاء)(ب١_ل٤٦٢) طبعة مؤسسة الرسالة.

أ ـ محمدی کوڕی عەلای کوڕی کەریب، ئەبو کەریبی هەمەدانی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانەپێککراو حافیزە، وە لە چینی دەیەمە. وە لە ساڵی ٢٤٧کۆچی وەفاتی کردووە". زەهەبی ئەفەرمووێت: " حافیزو متمانەپێککراو ئیمام و شەیخی فەرموودە گێڕەوەکانە، نەسائی و غەیری ئەویش متمانەیان پێداوە، وە ئەبو حاتەمیش بەڕاستگۆی داناوە، وە ئەبو عەمر ئەحەمدی کوڕی خەففا ئەفەرمووێت: لە دوای ئیسحاقی کوڕی ڕاهەوەی لەناو

شەیخەکان وەکوو ئەبو کەریب حافیزترم نەبینیوە"، وە  ابراهیمی کوڕی ئەبو تالّیبیش ئەفەرمووێت: " لە دوای ئەحمەدی کوڕی حەنبەل لە ئەبو کەریب حافیزترم نەبینیوە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٨٨٥/ژ٦٢٤٤). (سیر الأعلام النبلاء)(ب١١/ل٣٩٤).

ب ـ عومەری کوڕی عوبەیدی کوڕی ئومەییەی طەننافیسی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو لە چینی هەشتەمە، لە سالّی ٢٨٠کۆچی وەفاتی کردووە، وە ئەشگوترێ لە دوای هەشتاوە وەفاتی کردووە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٧٢٤/ژ٤٩٧٩). زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئەحمەدو یەحیای کوڕی مەعین فەرموویانە: عومەرو محمد یەعلای کوڕەکانی عوبەید متمانە پێککراون"، وە دارە قوطنیش ابڕاهیمیشی لەگەلّ ئەم سێ ناوە زیاد کردووەو گشتیانی بە متمانە پێککراو داناوە، وە محمدی کوڕی عبد الله عەممار ئەفەرمووێت: "محمد و براکانی (أثبات) واتە: لەسەرووی متمانە پێککراوەکانن، جا لە هەموویان حافیزتر یەعلایە، وە لە هەموویان خاوەن بینایی تر محمدە، وە عومەریش شەیخیتیان"،  وە (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٩/ل٤٣٧).

ج ـ ئەبو بەکری عەییاشی کوڕی سالمی ئەسەدی کوفی، وە گوتراویشە ناوی محمدە یاخود عبد الله یە یاخود سالمە یاخود شوعبەیە یاخود ڕۆبەیە یاخود

موسلیمە یاخود خیداشە یاخود موطەڕڕەفە یاخود حەممادە یاخود حەبیبە، ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراو خواپەرست بوو، بەڵام ئەوەندە هەبوو کاتێ کە بەساڵداچوو حیفزەکەی خراپ بوو، وە نوسینیشی صەحیح بوو، لە چینی حەوتەمەو لە ساڵی ١٩٤کۆچی وە ئەشگوترێ پێش ٩٤ بە ساڵێك یاخود دوو ساڵ وەفاتی کردووە". زەهەبیش ئەفەرمووێت: "شەڕعزان و فەرموودەگێڕەڕەو شەیخولئیسلامە، یەحیای کوڕی مەعین ئەفەرمووێت: متمانە پێککراوە، وە لەکەسێك زیاتر گوتویانە: کەوا ڕاستگۆیەو وەهمیشی هەیە، وە ئەحمەدیش فەرموویەتی: "یەحیای کوڕی سەعید گرینگی بە ئەبو بەکر نەئەدا" واتە: گوێی پێ نەئەدا، وە موهەننای کوڕی یەحیا لە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە گێڕاویەتەوە کەوا فەرموویەتی: ئەبو بەکر زۆر هەڵەی هەبووە، وە عەلی کوڕی مەدینیش لە یەحیای کوڕی سەعیدی قەططانەوە ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: "ئەگەر ئەبو بەکری کوڕی عەییاش لەبەردەمم بێت هیچ شتێکی لێ ناپرسم، پاشان فەرمووی: لەسەرووی ئبسرائیلەوەیە" واتە: لەسەرووی ئیسرائیلی کوڕی یونسی هەمەدانیەوە. وە محمدی کوڕی عبد الله نومەیریش ئەفەرمووێت: "ئەبو بەکر زەعیفە لە ئەعمەش و غەیری ئەویشەوە" واتە: ئەو فەرموودانەی کە لە ئەعمەش و غەیری ئەویش ڕیوایەت ئەکات گشتی زەعیفە. وە عوسمانی

دارەمیش ئەفەرمووێت: "ئەبو بەکرو براکانی چاکن بەو شێوازە نیە". بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب٨/ل٤٩٥). وە ئیبن و ئەبی حاتەمیش ئەفەرمووێت:" صاڵحی کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ئەفەرمووێت: پرسیارم لەباوك کرد دەربارەی ئەبو بەکر ئەویش فەرمووی: "ڕاستگۆیەو متمانە پێککراوەو هاوەڵی قورئان و چاکەیە" ئیبن و ئەبی حاتەم دووبارە ئەفەرمووێت: "پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی ئەبو بەکرو شەریك کە کامەیان حافیزترە ؟ ئەویش فەرمووی: لە حیفزدا یەکسانن بەڵام ئەبوبەکر لە ڕووی کتێبەوە ڕاستترە". بڕوانە: (الجرح والتعديل لإبن أبى حاتم الرازى)(ب٩/ل٣٥٠/ژ١٥٦٥) طبعة دائرة المعارف العثمانية.

د ـ ئەحمەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی کەثیری کوڕی زەیدی دەوڕەقی بەغدادی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراو حافیزە، لە چینی دەیەمە، لە ساڵی ٢٤٦کۆچی وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئەبو حاتەم بە ڕاستگۆی داناوە، بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٨٥/ژ٣). (سير الأعلام النبلاء)(ب١٢/ل١٣٠).

ف ـ ئەبو محمد عبيد الله کوڕی موسای کوڕی ئەبو موختاری باذامی عەبسی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: متمانە پێککراوەو شیعەگەرێتیشی ئەکرد،

له چینی نۆیەمە، ئەبو حاتەم فەرموویەتی: "كان أثبت فى إسرائيل من أبى نعيم" واتە: لە ئیسڕائیلی کوڕی یونسی هەمەدانی جێگیرتربوو لە ئەبو نوعەیمەوە، وە بەبچوکیش دانراوە لە سوفیانی سەوریەوە، واتە: ئەو فەرموودانەی کە لەوەوە ڕیوایەتی کردووە بەبچووك سەیر کراوە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "چەندین فەرموودەی خراپی گێڕاوەتەوە، وە ئەم بەڵایانەی دەرهێناو باسی ئەکردن"، وە ئیبن و مەعین و کۆمەڵێکیش متمانەیان پێداوە، وە ئەبو حاتەم فەرموویەتی: متمانە پێککراوو ڕاستگۆیەو فەرموودەی حەسەنە، وە ئەبو نوعەیم لەوی إتقانتر بووە" واتە: ئەو ئەبو نوعەیم حیفزەکەی و خێرایی گوتنی فەرموودەکانی لەو زۆر باشتر بووە. وە ئەحمەدی کوڕی عبد الله عیجلی ئەفەرمووێت: متمانە پێککراوە"، وە لە ئەبو عوبەیدەی ئاجوڕڕیەوە ڕیوایەتکراوە ئەویش لە ئەبو داودەوە کە فەرموویەتی: عبيد الله کوڕی موسا شیعە بووەو پیشەشی بووە، وە فەرموودەشی دروستە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٦٤٥/ژ٤٣٧٦). (سير الأعلام النبلاء)(ب٩/ل٥٥٤).

ق ـ فیطری کوڕی خەلیفەی مەخزومی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو شیعەگەریشی دراوەتە پاڵیەوە (واتە: تۆمەتبارە بەهۆی شیعەگەرایەتیەوە)، وە لە چینی پێنجەمەو لە دوای ساڵی ١٥٦ کۆچیەوە

وەفاتی کردووە". زەهەبیش ئەفەرمووێت: "شەیخ و زاناو فەرمودە گێڕەرەوەو ڕاستگۆیە، وە ئەحمەدی کوڕی حەنبەل متمانەی پێداوە، وە جارێکیشان فەرمووی: "فیطر لای یەحیای کوڕی سەعیدی قەططان متمانە پێککراوە، بەڵام وەکوو دار وایەو زیادەڕەوە (واتە: لە فەرموودەکانی شت گەلێکی فەرمووە زیادەڕەوی تیایە). وە هەر ئەبو بەکری عەییاش ئەفەرمووێت: "ڕیوایەتی فیطرم واز لێنەهێناوە تەنیا لەبەر ئەوەنەبێ کە مەزهەبەکەی خراپە"، وە عبد الله کوڕی ئەحمەدیش ئەفەرمووێت: "پرسیارم لە باوکم کرد دەربارەی فیطر ئەویش فەرمووی: متمانە پێککراوە، وە فەرموودەشی چاکە، وە فەرموودەشی وەکوو فەرموودەی پیاوێکی ژیر وایە بەڵام ئەوەندە هەیە شیعایەتی هەیە". وە ئەحمەدی کوڕی یونس ئەفەرمووێت: "بەعەمدی وازم لێ هێنا، وە شیعەگەرایەتی ئەکرد"، وە یەحیای قەططان ئەفەرمووێت: " فیطر دەڵێ: گوێم لێ بوو، گوێم لێ بوو، لە کاتێکدا مەسعودی لەو حافیزترە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٧٨٧/ژ٥٤٧٦). (سیر الأعلام النبلاء)(ب٧/ل٣١).

ك ـ ئەبو صیلتی کوفی زائیدەی کوڕی قودامەی سەقەفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراو سەبتە، (وشەی ثەبت لە زانستی فەرموودەدا ئەگەر بەکارهێنرا بۆ ڕاویەك ئەوە مانای وایە لەبەرزترین لوتکەی وەصف دایە لەڕووی ژیان و ڕەوشت و سیرەتیەوە، وە هەروەها لە ڕووی گێڕانەوەی

**تەفسیری ئەم فەرموودەیە هی شێخ ئیبن و تەیمیە نیە بۆ زانیاریتان. واتە: لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەفەرمووێت: "ئەگەر بێت و یەك ڕۆژ بمێنێ لە دونیا ـ لە ڕیوایەتی زائیدەدا هاتووە: (کەوا خوای گەورە ئەم ڕۆژە درێژ ئەکاتەوە) هەتاوەکوو پیاوێك لە مندا یاخود لە خانەوادەکەم دەنێرێ، جا ناوی ئەو پیاوە ناوەکەی تێك دەکەوێتەوە لەگەڵ ناوی من واتە: هاوشان و بەرامبەرە وەکوو ناوی من، وە ناوی باوکیشی وەکوو ناوی باوکی منە، وە لە ڕیوایەتی فیطریشدا ئەو زیادەیە هاتووە: زەوی پڕ ئەکات لە دادو یەکسانی، هەروەکوو چۆن لە پێشتردا پڕ ببوو لە ستەم و دەست درێژی)، وە لە ڕیوایەتەکەی سوفیانی ثەوریشدا هاتووە: (دونیا ناڕوات هەتاوەکوو پیاوێك**

---

فەرموودەشەوە)، وە خاوەنی سوننە بوو لە چینی حەوتەمە، لە ساڵی ١٦٠کۆچی وەفاتی کردووە، هەندێکیش ئەڵێن: لەدوای شەستەوە وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئیمام و سەبت و حافیز بووە، ئەبو زورعە فەرموویەتی: ڕاستگۆیەو لە زانستخوازەکانە"، وە ئەبو حاتەم و ئەحمەدی عیجلی و نەسائی و غەیری ئەمانەش متمانەیان پێداوە". بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٣٣/ذ١٩٩٣). (سیر الأعلام النبلاء)(ب٧/ل٣٧٦).

لە خانەوادەکەم دەسەڵاتی عەرەب دەگرێتە دەست و ناوەکەی تێك دەکەوێتەوە لەگەڵ ناوی من).

ڕوونکردنەوە:

مەلا عەلی قاری ئەفەرموویێت: " لەفزی (هەتاوەکوو پیاوێك لە مندا یاخود لە خانەوادەکەم دەنێری) ڕاویەکە لێرەدا گومانی هەیە، جا ڕاجیایی هەیە کە ئایا لە نەوەی حەسەنە یاخود حوسێن، وە دەکری کۆکەرەوەی نەژادی هەردوو حەسەنەین بێت (واتە: حەسەن و حوسێن)، جا ئەوەی دیارتر بی ئەو پیاوە لە باوکیەوە حەسەنیە، وە لە دایکیشیەوە حوسێنیە، ئەمەش وەکوو بەراوردکردنێك کە ڕوویداوە بۆ ڕۆڵەی ئیبڕاهیم کە ئیسماعیل و ئیسحاقە، هەموو پێغەمبەرەکانی نەوەی ئیسڕائیل لە نەوەی ئیسحاقینە، وە پێغەمبەری خۆشمان هەواڵی داوە کەوا لە نەوەی ئیسماعیلە، ئیتر شوێنی گشتیانی گرتەوە، جا بەڕاستی چاکترین لە جی دانانە، وە بووە کۆتایی هەموو پێغەمبەران. (جا ناوی ئەو پیاوە هاوشان و بەرامبەرە وەکوو ناوی من، وە ناوی باوکیشی وەکوو ناوی باوکی من) ناوەکەی محمدی کوڕی عبد الله دەبی، ئەمەش بەرپەرچە بۆ شیعەکان کە دەڵێن: ئەو مەهدیە بەڵێن پێدراوە ئەوە قائیمی چاوەڕوانکراو محمدی کوڕی حەسەنی

**عەسکەریە. (زەوی پڕ دەکات لە دادو یەکسانی) دووبارەکردنەوەیەکی ڕوونە بۆ ڕەچەڵەك باشیەکەی هەروەکوو پێشەخۆشی کە یارمەتیدەرە بۆ نەژادەکەی، واتە: ڕووی زەوی بە گشتی پڕ ئەکات لە دادو یەکسانی یاخود خاکی عەڕەب و ئەوەش کە شوێنی کەوتووە، جا مەبەست بە خەڵکەکەیەتی، هەروەکوو چۆن لە پێشتردا پڕببوو لە ستەم و دەست درێژی. (دونیا ناڕوا) واتە: لەناو ناچێ و کۆتایی نایێ، (هەتاوەکوو دەسەڵاتی عەڕەب ئەگرێتە دەست) واتە: ئەوانەی کە شوێنیان ئەکەون چونکە ئەوەی کە ئەبێتە ئیسلام عەڕەبیە[3]، (پیاوێك لە خانەوادەکەم**

---

[3] ئەو وتەیەی مەلا عەلی قاری جێگای سەرنجە، مرۆڤ ئەبێ شانازی بە نەتەوەی خۆی بکات چونکە خوا بەو جۆرەی دروستی کردووە، وە خۆشەویستی نەتەوەکانی تریش واجیبە هەربۆیەش دینی پیرۆزمان دڵنیامان ئەکاتەوە کەوا مرۆڤ دۆست و نەتەوە دۆست بین، وە دوور بکەوینەوە لە دەمارگیری نەتەوایەتی، وە ئێمەی میللەتی کوردیش شانازی بە تانجی سەرمان و هەناسەی ڕۆحمان بەدایك و باوکەوە بەقوربانی بین ئەکەین، وە شانازی بەکورد بوونی خۆشمان ئەکەین، ئەمە هیچ پەیوەندی بەدینەوە نیە، نەتەوە شتێکە ئاین شتێکی تر، بۆیە هەر کەسێك تێکەڵی کردن ئەوە دووچاری دەمارگیری و خودپەرستی ئەبێت. (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَـٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَـٰكُمْ شُعُوبًا

**ناوەکەی تێکدەکەوێتەوە) واتە: ناوەکەی وەکوو ناوی منە، واتە: وێنەی ناوەکەی وەکوو وێنەی ناوی منە، ئەمەش محمدی کوڕی مەهدیە "[4].**

---

وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْۚ إِنَّ أَكۡرَمَكُمۡ عِندَ ٱللَّهِ أَتۡقَىٰكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٞ ﴿١٣﴾ سورة الحجرات آية ١٣. واتە: ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێرو مێیەك دروستکردووە کە ئادەم و حەووان، پاشان ئێوەمان گێڕاوە بە چەند نەتەوەو هۆزو میللەتانێك بۆئەوەی یەکتر بناسن و پێکەوە ژیان لە نێو یەکتریدا بەدی بهێنن، نەك یەکتر بکوژن و دەمارگیری بکەن و ڕقتان لە یەکتر ببێتەوە، جا بەڕاستی بەڕێزترین کەستان لای خوا ئەو کەسانەیە کەوا خاوەن تەقوایەو لەخوا ئەترسێ، وە بێگومان خوای گەورەش زاناو ئاگادارە بە گشت بوونەوەرانی. جا لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو زانایە بەڕێزە، ئەوەی ئەو دەیڵێ لای بەندە پێکاو نیە. خوای گەورەش زاناترە

[4] بڕوانە: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح للعلامة ملا علي قاري الحنفي)(ب١٠/ل٥٤٥٢/٨٩) طبعة دار الكتب العلمية.

**ئەمە وتەی ئیبن و تەیمیەیە: وە هەروەها ئەم ڕیوایەتەش:**

**٢ـ (حدثنا أحمد بن إبراهيم حدثنا عبد الله بن جعفر الرقي حدثنا أبو المليح الحسن بن عمر عن زياد بن بيان عن علي بن نفيل عن سعيد بن المسيب عن أم سلمة قالت سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول: (المهدي من عترتي من ولد فاطمة) قال عبد الله بن جعفر وسمعت أبا المليح يثني على علي بن نفيل ويذكر منه صلاحا)[٥].**

---

[٥] ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٤٢٨٤). وە ئیبن و ماجە بەکورتی لە (سنن إبن ماجة)(ژ) ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر زەعیفی زیادی کوڕی بەیان، وە بوخاری لە (تاریخ الکبیر)(ب٣/ل٣٤٦) ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی جێگای سەرنجە"، وە عوقەیلیش لە کتێبی (الضعفاء)(ب٢/ل٧٦)، لە بوخاریەوە نەقڵی کردووەو دانیشی پێداناوە. وە زەهەبیش لە (مغني الضعفاء) ئەفەرمووێت: "هەواڵی صەحیح نیە"، واتە: ئەم پیاوە فەرموودەکانی صەحیح نیە. وە مونذیریش لە (إختصار السنن)(ب٦/ل١٦٠) دوای ئەوەی کە وتەی عوقەیلی نەقڵ ئەکات و ئەفەرمووێت: "هەروەك بەناوبانگە ئەمە وتەی سەعیدی کوڕی موسەییبە، ئیتر زیادی کوڕی بەیان وەهمی کردووە کەوا بەرزی کردووەتەوە، ئێمەش ئەڵێین: ئەمە صەحیحە، کە نوعەیمی کوڕی حەمماد وەکوو وتەی سەعیدی کوڕی

موسەییب ڕیوایەتی کردووە لە (الفتن)(ژ١٠٨٢). وە ئەبو عەمری دانی (ژ٥٨٠) لە ڕێی عبد الرزاقەوە لە موعەممەر لە سەعیدی کوڕی عڕوبەوە لە قەتادەوە ڕیوایەتی کردووە کە قەتادە بە سەعیدی کوڕی موسەییبی گوت: مەهدی حەقە؟ فەرمووی: حەقە... منیش گوتم: مەهدی لە کێیە؟ واتە: نەوەی کێیە؟ فەرمووی: لە فاطمەیە. وە هەروەها ئەبو نوعەیمیش لە (الفتن)(ژ١٠٨٢). ڕیوایەتی کردووە لە عبد الرزاق و ئیبن و موباڕەك و ئیبن و سەورەوە لە موعەممەڕ لە قەتادە لە کوڕی موسەییەب واتە بێ ئەوەی ناوی سەعیدی کوڕی ئەبو عڕوبەی هاتبێ. موعەممەر گوێبیستی قەتادە بووە، جا ئەم سەنەدە مەوقوفە صەحیحە، وە ئەمە لەپێشترە لە فەرموودەی زیادی کوڕی بەیان واللّٰه اعلم، وە لەمەوە هەڵەی شێخ ئەلبانیت بۆ دەرئەکەوێ کەوا ئەم سەنەدەی بە جەید چاك داناوە لە (سلسلة الضعيفة)(ژ٨٠)"، وتەکانی شێخ شوعەیب کۆتایی پێ هات. بڕوانە: (سنن أبى داود بتحقيق الشيخ شعيب الأرنۆوگ)(ب٦/ل٣٤١/ژ٤٢٨٤). منیش ئەڵێم: ئەلبانی بە صەحیحی داناوە لە (صحيح الجامع الصغير وزيادته)(ژ٦٧٣٤) طبعة مكتبة الإسلامية. وە حافیزی سیوطی بە صەحیحی داناوە، وە حافیزی مەنناویش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". بڕوانە: (فيض القدير شرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٦/ل٢٧٧/ذ٩٢٤١) طبعة دار المعرفة. (التيسير بشرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٣/ل٥٣٧/ذ٩٢٤١) طبعة دار الكتب العلمية.

جەرِح و تەعدیلی ڕیوایەتەکەی ئەبو داود

أ- ئەحمەدی کوڕی ئیبڕاهیمی کوڕی کەثیری کوڕی زەیدی دەوڕەقی بەغدادی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: متمانە پێککراو حافیزە، لە چینی دەیەمە، لە ساڵی ٢٤٦کۆچی وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئەبو حاتەم بە ڕاستگۆی داناوە، بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٨٥/ژ٣). (سير الأعلام النبلاء)(ب١٢/ل١٣٠).

ب ـ عبد الله کوڕی جەعفەری غەیلانی ڕەققی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراوە، بەڵام لە کۆتاییەکەیدا حاڵی گۆڕا بەڵام تێکەڵ بوونەکەی پیس نەکردو تێکی نەدا، لە چینی دەیەمەو لە ساڵی ٢٢٠ کۆچی وەفاتی کردووە". حافیزی علاء الدینی حەنەفی ئەفەرمووێت: "ئیبن و حیببان لە صەحیحی خۆی فەرموودەی لێوە ڕیوایەت کردووە، وە ئەبو عەوانەی ئیسفەڕایینی و ئەبو عبد الله حاکم و ئەبو عەلی طوسی ڕیوایەتیان لێوە کردووە، وە ئیبن و شاهینیش لە کتێبی (الثقات) باسی کردووە". منیش ئەڵێم: "ئیبن و شاهین ئەفەرمووێت: متمانە پێککراوە هەروەك یەحیا فەرموویەتی" بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٤٩٦/ژ٣٢٧٠). (إكمال تهذيب الكمال في أسماء الرجال للحافظ علاء الدين مغلطاي بن قلج الحنفي)(ب٤/ل٣٤٤/ ژ٣٠٢٣) طبعة دار الكتب العلمية. (تأريخ أسماء الثقات لإبن شاهين)(ب١/ل١٣٢/ ژ٦٨٠) طبعة دار السلفية.

ج ـ ئەبو مەلیح حەسەنی کوڕی عومەری ڕەققی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراوەو لە چینی هەشتەمە، لە ساڵی ١٨١ کۆچیش وەفاتی کردووە" زەهەبی ئەفەرمووێت: "ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئەبو زورعە متمانەیان پێداوە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٢٤١/ ژ١٢٧٦). (سير الأعلام النبلاء)(ب٨/ل١٩٤) .

د ـ زیادی کوڕی بەیان: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "زیادی کوڕی بەیان ڕاستگۆو خواپەرستە، وە لە چینی شەشەمیشە". وە حافیزی میززیش ئەفەرمووێت: "نەسائی فەرموویەتی: خراپەی پێوە نیە، (واتە: خراپ نیە)، وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات)(ب٨/ل٢٤٨) ئەفەرمووێت: شەیخێکی چاك بوو". وە زەهەبیش لە کتێبی (الكاشف) ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو کەسێکی خواپەرست بووە". بەڵام لە (ميزان الإعتدال) ئەو فەرموودەی سەرەوەی هێناوەو ئەفەرمووێت: "فەرموودەکەی صەحیح نیە، وە بوخاری فەرموویەتی: "لە سەنەدی فەرموودەکەیدا سەرنج و تێبینی هەیە"، وە لە کۆتایشدا هەمان وتەی نەسائی لەوێ نەقڵ ئەکات کەوا فەرموویەتی خراپەی پێوە نیە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٣٤٣/ژ٢٠٦٨). (تهذيب الكمال في أسماء الرجال)(ب٩/ل٤٣٦/ژ٢٠٢٦) طبعة مؤسسة الرسالة. (التقريب الثقات لإبن حبان)(ب١/ل٤٨١/ ژ٤٨٢٦) طبعة دار المعرفة. (الكاشف في معرفة من لة رواية في الكتب الستة للحافظ الذهبي)(ب١/ل٤٠٨/ ژ١٦٧١) طبعة دار القبلة

للثقافة الإسلامية. (ميزان الإعتدال في نقد الرجال للحافظ الذهبي)(ب٢/ل٨٧/ ژ٢٩٢٧) طبعة دار المعرفة.

ر- عەلی کوڕی نوفەیلی نەهدی جەزەری: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "خراپ نیە، وە لە چینی شەشەمەو لە ساڵی ١٢٥ کۆچی وەفاتی کردووە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات)(ب٧/ل٢٠٧ وە ب٨/ل٤٥٨) هێناویەتی. زەهەبیش لە کتێبی (میزان الإعتدال) لە پێناسەکەیدا فەرموودەکەی سەرەوەی هێناوەو ئەفەرمووێت: "عوقەیلی فەرموویەتی موتابەعەی ناکرێت وە نازاندرێ تەنیا بەهۆی فەرموودەکەیەوە نەبێ"، وە ئەبو حاتەمیش فەرموویەتی: "خراپەی پێوە نیە. بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٧٠٦/ژ٤٨٤٣). (تقريب الثقات لإبن حبان)(ب١/ل٨٨٨/١٠١٠٧) طبعة دار المعرفة. (ميزان الإعتدال)(ب٣/ل١٦٠/ذ٥٩٥٩).

ع - سەعیدی کوڕی موسەییەبی کوڕی حوزنی کوڕی ئەبی وەهبی کوڕی عەمری کوڕی عائیذی کوڕی عیمڕانی مەخزومی قوڕەیشی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "یەکێکە لە زانا ئەثباتە شەڕعزانە گەورەکان، وە لە چینی گەورەکانی دووەمە، زاناکان هاوڕان لەسەر ئەوەی کەوا فەرموودە موڕسەلاتەکانی صەحیح ترین موڕسەلاتن، وە ئیبن مەدینیش فەرموویەتی: وا نازانم لە ناو تابعیەکان لەو فراوانتر هەبێت لە ڕووی زانستەوە، لە دوای ٩٠ کۆچی وەفاتی کردووە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات)(ب٤/ل٢٧٣)

هێناویەتی. وە زەهەبیش دان بەگوێبیست بوونی سەعیدی کوڕی موسەییب دەنێ کە گوێبیستی ئوممو سەلەمە بووە".

تێبینی: ئیمامی نەوەوی ئەفەرمووێت: "فەرموودەی موڕسەل (نێردراو یاخود درانە پاڵ) زاناکانی مەزهەبەکان لەسەر ئەوە یەك دەنگن کەوا وتەی تابعیەکی گەورە ئەگەر گوتی: پێغەمبەری خوا وای فەرموو یاخود وای کرد ئەمە پێی ئەگوترێ: موڕسەل (واتە: فەرموودەکەی دایە پاڵ پێغەمبەری خوا)، جا ئەگەر بێت و لە پێش تابعیەکە یەك ڕاوی یاخود زیاتر پچڕا ئەوە حاکم و غەیری ئەویش لە فەرموودە گێڕەرەوەکان بەم جۆرە فەرموودە نالێن موڕسەل بەڵکوو موڕسەل تایبەتە بە تابعی ئەویش لە پێغەمبەرەوە، جا ئەگەر ڕاویەك کەوت ئەوە فەرموودەیەکی پچڕاوە، وە ئەگەر لە ڕاویەك زیاتر کەوت ئەوە موعضەل و پچڕاوە، وە ئەوەی بەناوبانگ بێت لە فیقهو ئوصولڵدا هەموویان بە موڕسەل ناو ئەبرێن وە هەربەم بۆچوونەش خەطیبی بەغدادی یەکلایی کردووەتەوە. ئەمەش ڕاجیاییە لە زاراوەو دەستەواژەوە ، بەڵام هەرچی وتەی زوهری و غەیری ئەویشە لە تابعیە بچووکەکان ئەوە موڕسەلە وەکوو تابعیە گەورەکان. وە گوتراویشە: کەوا موڕسەل نیە بەڵکوو پچڕاوە، جا ئەگەر بێت و گوترا: فلان کەس گوتی لە فلانە کەسەوە ئەویش لە فلانە کەسەوە ئەوە حاکم فەرموویەتی: بەم جۆرە ئەڵێن پچڕاو نەك موڕسەل، وە غەیری ئەویش فەرموویانە: موڕسەلە". بڕوانە: (تدریب الراوي في شرح تقریب النواوي للحافظ جلال الدین السیوطي)(ب١/ل٩٨) طبعة دار أحیاء التراث العربي. (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٨٨/ذ٢٤٠٩). بڕوانە:

واته: لە دایکی سەلەمەوە گێڕدراوەتەوە کەوا ئەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو صلی الله علیه وسلم کە دەیفەرموو: (مەهدی لە عیترەتی منە لە ڕۆڵەی فاطمەیە). جا ئەبو داود ئەفەرمووێت: عبد الله کوڕی جەعفەر فەرمووی: گوێم لە ئەبو مەلیح بوو مەدح و ستایشی عەلی کوڕی نوفەیلی ئەکرد، وە چاکێتی ئەویشی باس ئەکرد.

ئەمەی دیٚ وتەی ئیبن و تەیمیە نیە بۆ زانیاریتان.

ڕوونکردنەوە:

مەلا عەلی قاری ئەفەرمووێت: هەندێك لە ڕاڤەکاران فەرموویانە: (العترة) منداڵ و ڕۆڵەی پیاوە لە پشتیەوە، وە دەشکریٚ (العترة) خزمەکان بێت کە ئامۆزاکانە. منیش ئەڵێم: هەردوو ماناکە ڕوونکردنەوەکەی گونجاو نیە بە وتەی (لە منداڵەکانی فاطمەن)، وە لە کتێبی (النهاية)ـشدا هاتووە: عیترەتی پیاو خزمە تایبەتیەکانیەتی، وە عیترەتی پێغەمبەریش نەوەی عبد المطلبن، وە گوتراویشە: هەموو قوڕەیش دەگرێتەوە. جا ئەوەی بەناوبانگ و

---

(تقريب الثقات لإبن حبان)(ب١/ل٥٣٢/٥٥٠٧) طبعة دار المعرفة. (سير الأعلام النبلاء)(ب٤/ل٢١٨).

ناسراو بێت ئەو کەسانەن کەوا زەکات پێدانیان لەسەر قەدەغەیە. ئەڵێم: مانای یەکەم گونجاوە بۆ ئەو مەبەستە، وە دژایەتی غەیری خۆیشی ناکات ئەگەر پێی بگوترێ بەگوێرەی داخوازی شوێنەکە. وە ئەشگوترێ: عیترەتەکەی ئال و بەیتەکەیتی لەبەر ئەو هەواڵەی کە هاتووە. وە ئەشگوترێ: خێزان و وەچەکانیەتی، وە ئەشگوترێ: کەس وکارو هۆزە نزیکەکانیەتی. وە ئەشگوترێ: وەچەو خزمە لە خوارەبووەکان بێ کە جەوهەریش لەسەر ئەمە کورتی کردووەتەوە. منیش ئەڵێم: کەسێکە وا پێویست ئەکات کەوا لێرەدا لەسەری کورت بهێنێ و پوختی بکات (واتە: لەوەندە زیاتر لەسەری نەڕۆیشتووە کە چەند مانای تری لە خۆ ئەگرێت).

**ئبن و تەیمیە ئەم ڕیوایەتەشی هێناوە:**

**وە سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی دارەقوطنی لە ئاحادەکان لە عوسمانەوە:**

**٣ـ(حدثنا إبراهيم بن عبد الصمد بن موسى الهاشمي، ثنا محمد بن الوليد القرشي، ثنا أسباط بن محمد، وصلة بن سليمان الواسطي، عن سليمان التيمي، عن قتادة، عن سعيد بن المسيب، عن عثمان بن عفان، رضي الله عنه، قال: سمعت رسول الله صلى الله عليه وسلم يقول» :المهدي من ولد العباس عمي)[٦]. واتە: مەهدی لە ڕۆڵەی عەبباسی مامەمە) لەگەڵ ئەوەی کە**

---

[٦] دارە قوطنی ڕیوایەتی کردووە. وە دارەقوطنی ئەفەرمووێت: غەریبە لە فەرموودەی قەتادەیە لە سەعیدی کوڕی موسەییبەوە. وە غەریبە لە فەرموودەی سلێمانی تەیمی لە قەتادەوە، محمدی کوڕی وەلیدیش کە مەولای بەنی هاشمە بەو سەنەدەوە تاکە تیایدا، ئێمەش ناینوسین تەنیا لە شێخمان ئەبو ئیسحاق نەبێ". سیوطی بەزەعیفی داناوە، وە مەنناویش ئەفەرمووێت: "لە سەنەدەکەیدا درۆزن هەیە". وە حافیزی ئەبو فەیزی غوماریش ئەفەرموورێت: "ئەمە هەڵبەستراوە". (فيض القدير شرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٦/ل٢٧٨/ژ٩٢٤٢) (التيسير بشرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٣/ل٥٣٧/ژ٩٢٤٢). (المداوي للعلل الجامع الصغير وشرح المناوي)(ب٦/ل٣٢٤/ژ٩٢٤٢) طبعة دار الكتب العلمية.

**سەنەدەکەی زەعیفە ئەوە ماناکەی بارکراوەتە سەر ئەو مەهدیەی کە لەسەردەمی خەلیفەی عەبباسیەکاندا پەیدا بوو، یاخود ئەکریٚ ئەو مەهدیە بەلێن پێدراوە بێت لەبەر نەژادەکەی کە ئەدرێتە پاڵ عەبباسیەت، وە ئیمامی ئەحمەدو ئیبن و ماجە بە مەرفوعی لە عەلیەوە ڕیوایەتیان کردووە: (المهدي من أهل البيت يصلحه الله في ليلة...)[٧]. واتە: (مەهدی لە ئال و بەیتی (پێغەمبەرە) خوای گەورە لە شەوێکیدا ئیصلاحی ئەکات). واتە: کاروبارەکەی چاك ئەکات، وە پلەوپایەکەی لە شەوێکدا بەرز ئەکاتەوە یاخود لە کاتێکی شەودا کەسانی مشوورخۆرو و وتە ڕۆیشتوو (کە ئەهلی شوڕان) ڕێك ئەکەون لەسەر خەلیفایەتیەکەی"[٨].**

---

٧ بڕوانە: حافیزی سیوطی و مەنناوی و غوماری: "سەنەدەکەیان بە حەسەن داناوە". (فيض القدير شرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٦/ل٢٧٨/ژ٩٢٤٣) (التيسير بشرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٣/ل٥٣٧/ژ٩٢٤٣). (المداوي للعلل الجامع الصغير وشرح المناوي)(ب٦/ل٣٢٤/ژ٩٢٤٣).

٨ بڕوانە: (مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح للعلامة ملا علي قاري الحنفي)(ب١٠/ل٨٩/٥٤٥٢) طبعة دار الكتب العلمية.

وه حافیزی مه‌نناویش ئه‌فه‌رموویّت: "فه‌رمووده‌که‌ی (مه‌هدی له عیترِه‌تی منه له رِۆلّه‌ی فاطمه‌یه) دژایه‌تی تیّدانیه که‌وا له رِۆلّه‌ی عه‌باس بیّت ئه‌مه‌ش له‌به‌ر بارکردنی (ماناکه‌ی) بۆ سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌وا به‌شیّکی له‌و تیّدا هه‌یه"[٩]. (واته: ئیمامی عه‌باس و رِۆلّه‌کانی به‌شیّکن له خزمایه‌تی له‌گه‌لّ پیّغه‌مبه‌ری خوا).

وه هه‌روه‌ها محمد عه‌زیم ئابادیش ئه‌فه‌رموویّت: "ئیمامی خه‌ططابی ئه‌فه‌رموویّت: (العترة) مندالّ و رِۆلّه‌ی پیاوه له پشتیه‌وه، وه ئه‌شکریّ (العترة) خزم و نه‌وه‌ی ئامۆزاکان بیّت، وه یه‌کیّك له‌و وتانه‌ی ئه‌بو به‌کری صدیق که له رِۆژی سه‌قیفه‌ی به‌نی ساعیده‌دا گوتی: ئیّمه عیترِه‌تی پیّغه‌مبه‌ری خواین صلى الله عليه وسلم".

وه هه‌روه‌ها دووباره عه‌زیم ئابادی ئه‌فه‌رموویّت: "حافیزی عماد الدين ئیبن و که‌ثیر ئه‌فه‌رموویّت: "فه‌رمووده‌کان به‌لّگه‌ن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی که‌وا

---

[٩] برِوانه: (التيسير بشرح الجامع الصغير للحافق المناوى)(ب٣/ل٥٣٧/ژ٩٢٤١).

**مەهدی لە دوای دەوڵەتی عەباسیەوەیە، وە یەکێك ئەبێت لە ئال و بەیت لە نەوەکانی فاطمە لە ڕۆڵەی حەسەن نەك حوسێن"[١٠].**

---

[١٠] بڕوانة: (عون المعبود شرح سنن أبي داود)(ب٦/ل٩٦/ذ٤٢٧٨) دار الكتب العلمية.

**وە هەروەها ئەم ڕیوایەتەش:**

**٤ـ (حدثنا سهل بن تمام بن بزيع حدثنا عمران القطان عن قتادة عن أبي نضرة عن أبي سعيد الخدري قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم المهدي مني أجلى الجبهة أقنى الأنف يملأ الأرض قسطا وعدلا كما ملئت جورا وظلما يملك سبع سنين)**[١١].

---

[١١] ئەبو داود لە (سنن أبی داود)(ژ٤٢٨٥). وە ئیبن و حیببان لە (صحیح إبن حبان)(ژ٦٨٢٦). وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١١١٣٠). وە حاکم لە (مستدرك حاکم)(ژ٨٧٣٤). وە ئەبو یەعلا لە (مسند أبی یعلی)(ژ١١٢٨). هەموویان لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتیان کردووە، وە لەفزەکەش هی ئەبو داودە. حاکم ئەفەرموویت: "صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم" وە زەهەبیش ئەفەرموویت:" عیمرانی قەططان زەعیفە، وە موسلیم ڕیوایەتی لێوە نەکردووە. سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو داود شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی چاکە بەو لەفزە، وە شاهێدەکانیشی لەسەر هێناوە، وە ئیبن و قەییمیش سەنەدەکەی بە چاك داناوە لە کتێبی (منار المنیف)(ل١٤٤)". وە بۆ ڕیوایەتەکەی ئیبن و حیببانیش ئەفەرموویت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە بۆ ڕیوایەتەکەی ئەحمەدیش ئەفەرموویت:

"صەحیحە جگە لە وتەی حەوت ساڵان نەبێ، وە مەطەڕی کوڕی طەهمان کە ئەلوەڕڕاقە هەر چەندە زەعیفە لە ڕووی حیفزەوە بەڵام موتابەعەکراوە، وە باقی پیاوەکانی تریشی متمانەپێککراو پیاوانی هەر دوو شەیخەینە". وە ئەلبانیش بۆ ڕیوایەتەکەی ئیبن و حیببان ئەفەرموویێت: "حەسەن و صەحیحە". وە بۆ ڕیوایەتەکەی ترمذیش ئەفەرموویێت: "حەسەنە". وە ئیبن و حەجەری هەیپەمیش ئەفەرموویێت: "ئەبو یەعلا ڕیوایەتی کردووە، وە عەلی کوڕی عومارەی تێدایە کە عوقەیلی لەبارەیەوە ئەفەرموویێت: فەرموودەی (إچگرابە) وە باقی پیاوەکانی تریشی پیاوانێکی صەحیحن"، (واتە: لە فەرموودەیدا تێکچوون و شلۆقی هەیە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر زەعیف بوونی ئەو پیاوە). وە هەروەها حافیزی سیوطی بە صەحیحی داناوە، وە مەنناویش ئەفەرموویێت: حاکم بەصەحیحی داناوەو زەهەبیش ڕەددی داوەتەوە. بڕوانە: (صحيح إبن حبان بتحقيق الشيخ شعيب)(ب١٥/ل٢٣٨/ژ٦٨٢٦) طبعة مؤسسة الرسالة. (التعليقات الحسان على صحيح إبن حبان بتحقيق الشيخ الباني)(ب٩/ل٤٥٧/ژ٦٧٨٧) طبعة دار باوزير. (مجمع الزوائد ومنبع الفوائد)(ب٧/ل٣١٤) طبعة دار الكتب العربي. (صحيح الجامع الصغير وزيادته للشيخ الباني)(ژ٦٧٣٦). (تلخيص الذهبي على المستدرك)(ب٤/ل٥٥٧).

(مسند أحمد بتحقيق الشيخ شعيب)(ب١٧/ل٢١٠/ژ١١١٣٠) طبعة مؤسسة الرسالة. (سنن أبي داود بتحقيق الشيخ شعيب)(ب٦/ل٣٤٢/ژ٤٢٨٥). دار الرسالة العالمية. (فيض القدير شرح الجامع الصغير للحافظ المناوي)(ب٦/ل٢٧٨/ژ٩٢٤٤).

جەرح و تەعدیلی ڕیوایەتەکەی ئەبو داود

أ ـ ئەبو عەمر سەهلی کوڕی تەممامی بەزیعی سەعدی بەصری: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: ڕاستگۆیەو هەڵەش ئەکات، وە لە چینی دەیەمە". وە زەهەبیش لە ئەبو زوڕعەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "لەوانەیە لە شتێکدا وەهم بکات بەڵام درۆ ناکات" وە ئەبو حاتەمیش فەرموویەتی: "شەیخە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات) هێناویەتی و ئەفەرمووێت: "هەڵەی ئەکات". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٤١٨/ژ٢٦٦٧). (ميزان الإعتدال)(ب٢/ل٢٣٧/ژ٣٥٧٠). (الثقات لإبن حبان)(ب٨/ل٢٩٠). (تقريب الثقات)(ب١/ل٥٧٤/ژ٦٠٧٤).

ب ـ ئەبو عەووام عیمڕانی کوڕی داوەری بەصری قەططان: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: ڕاستگۆیەو وەهمیش ئەکات، وە تۆمەتی بۆچوونی خەواریجیشی دراوەتە پاڵ، لە چینی حەوتەمەو لە نێوان ١٦٠ بۆ ١٧٠ کۆچی وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێ: "ئەحەمەدی کوڕی حەنبەل فەرموویەتی: تکام وایە فەرموودەی چاك بێت"، وە ئیبن عەدی ئەفەرمووێت: فەرموودەی

ئەنوسرێتەوە"، وە نەسائی و ئەبو داودیش بە زەعیفیان داناوە، وە عەففانیش لێوە ڕیوایەتی کردووەو متمانەشی پێداوە، وە ئیبن و مەعینیش ئەفەرمووێت: "هیچ نیە"، وە ڕۆژێکیشیان یەحیای کوڕی سەعیدی قەططان باسی کردو چاکترین مەدحی کرد. (تقريب التهذيب)(ب١/ل٧٥٠/ژ٥١٨٩). (سير الأعلام النبلاء)(ب٧/ل٢٨٠). (ميزان الإعتدال)(ب٣/ل٢٣٦/ژ٦٢٨٢). (الجرح والتعديل لإبن أبي حاتم)(ب٦/٢٩٧/ژ١٦٤٩) طبعة دائرة المعارف العثمانية. (الكاشف للذهبِي)(ب٢/ل٩٣/ژ٤٢٦٤).

ج ـ ئەبو خەططابی بەصری قەتادەی کوڕی دیعامەی کوڕی قەتادەی سەدوسی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: متمانە پێککراو سەبتە، وە لە سەرووی چینی چوارەمەو لە ساڵی ١١٨کۆچی وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "پێشەنگی ڕاڤەکارانی قوڕئان و فەرموودە گێڕەڕەوەکانە، وە بەڵگەیە بە کۆی دەنگ ئەگەر لە نێوان گوێبیستکاران بوو، وە ناسراوە کە مودەلسە، عبد الرزاق لە موعەممەڕەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا محمدی کوڕی ئیبن و سیرین فەرموویەتی: "قەتادە حافیزترین کەس بووە یاخود زاناترین کەس بووە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٧٩٨/ژ٥٥٥٣). (سير الأعلام النبلاء)(ب٥/ل٢٦٩). وە ئیبن و حیببانیش ئەفەرمووێت: یەکێك بوو لە زاناکانی نێو خەڵك بەهۆی قوڕئان و شەڕعەوە، وە حافیزترین کەسی زەمانی خۆی بووە، وە مودەلیسیشە". (الثقات لإبن حبان)(ب٥/٣٢٢). (تقريب الثقات)(ب١/ل٩٨٩/ژ١١٤٢٨). (الكاشف للذهبِي)(ب٢/ل١٣٤/ژ٤٥٥١).

د ـ ئەبو نەضرە مونذیری کوڕی مالیکی کوڕی قوطعەی عەبدی عەوەقی بەصری: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێکراوەو لە چینی سێیەمە، لە ساڵی ١٠٨ یاخود ١٠٩ کۆچی وەفاتی کردووە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئیمام و فەرموودەگێڕەرەوەو متمانە پێککراوە، وە زمان پاراو ڕەوانبێژە، وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراوەو هەڵەش ئەکات"، وە یەحیاو ئەبو زورعەو نەسائی و ئیبن و سەعد متمانەیان پێداوە، وە عوقەیلی و ئیبن و عەدی لە کتێبی خۆیاندا شتێکیان لێوە ڕیوایەتکردووە کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نەرمیەکی تێدا هەیە، وە بوخاریش وەکوو شایەتی فەرموودەی ئەوی هێناوە بەڵام ڕیوایەتی لێوە نەکردووە، وە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش ئەفەرمووێت: جگە لە چاکە نەبێت هی چی ترم لێ نەبینیوە". وە ئیبن و حیببانیش متمانەی پێداوەو ئەفەرمووێت: "یەکێکە لەوانەی کە هەڵە ئەکات، وە لە زمان پاراوەکانی نێو خەڵك بوو، لە کۆتایی تەمەنیدا دووچاری ئیفلیجی بوو" بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٩٧١/ژ٦٩٣٨). (سیر الأعلام النبلاء)(ب٤/ل٥٣٠). (الكاشف للذهبِي)(ب٢/ل٢٩٥/ژ٥٦٣٢). (اللثقات لإبن حبان)(ب٥/٤٢١). (تقريب الثقات)(ب١/ل١١٩١/ژ١٤٠٦٣).

ر ـ ئەبو سەعیدی خودری سەعدی کوڕی مالیکی کوڕی سینانی: ئیمام و موجاهیدو موفیتی مەدینە بووە، وە یەکێکە لە هاوەڵەکانی پێغەمبەری خوا، مالیکی باوکی لە جەنگی بەدر شەهید بوو، وە خۆیشی لە جەنگی خەندەق و بەیعەی رضواندا بەشداری کردووە، وە لەبەر ئەوەی تەمەنی سیانزە ساڵان بووەو

**واته: لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: مەهدی لە منەو نێوچەوان پان و گەشەو لوتیشی درێژەو لە نێوەڕاستیدا لاریەك هەیە بۆ خوارەوە، زەوی پڕ دەکات لە دادگەری هەروەکوو چۆن پڕ ببوو لە تاوان و ستەمکاری، حەوت سالانیش سەرکردایەتی دەکات.**

---

بچووك بووە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە جەنگی بەدر ڕەوانەی کردەوەو نەیتوانی بەشداری جەنگەکە بێت، وە ڕاجیایش هەیە لەسەر ساڵی وەفاتەکەی هەندێك ئەڵێن لە ٣٦کۆچی وەفاتی کردووە هەندێکی تریش ئەڵێن: ٧٤کۆچی وەفاتی کردووە، وە بوخاریش ئەفەرمووێت: "ساڵێك دوای ڕووداوی حەڕڕە کە ئەکاتە ساڵی ٦٣ کۆچی وەفاتی کردووە". وە بەقیەی کوڕی مەخلەد لە (مسند الکبیر) خۆی ١١٧٠ فەرموودەی لێوە ڕیوایەت کردووە بەدووبارەوە. بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب٣/ل١٦٩). (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٧١/ژ٢٢٦٦).

وه هەروەها ئەم ڕیوایەتەشی هێناوە:

**٥قال أبو داود حُدِّثْتُ عن هارون بن المغيرة قال حدثنا عمرو بن أبي قيس عن شعيب بن خالد عن أبي إسحاق قال قال علي رضي الله عنه ونظر إلى ابنه الحسن فقال: إن ابني هذا سيد كما سماه النبي صلى الله عليه وسلم وسيخرج من صلبه رجل يسمى باسم نبيكم يشبهه في الخلق ولا يشبهه في الخلق)[١٢].**

---

[١٢] ئەبو داود لە (سنن أبى داود)(ژ٤٢٩٠). وە ئەبو نوعەیم لە (الفتن)(ژ١١١٣) لە ئیمامی عەلیەوە ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەرنائوت ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی زەعیفە لەبەر شاراوەیی شەیخەکەی ئەبوداود، وە ئەبو نوعەمیش لە یەکێك زیاتر ڕیوایەتی کردووە لە ئیسماعیلی کوڕی عەییاش ئەویش بۆیان باس کردووە لە محمدی کوڕی جەعفەر لە عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبەوە، جا لە سەنەدەکەی ڕاویە شاراوانێك هەن (کە ناویان نەبردراوە) هەروەکوو ئەوەی ئەبینی". (سنن أبى داود بتحقيق الشيخ شعيب)(ب٦/ل٣٤٧/ژ٤٢٩٠). ئەلبانیش بە زەعیفی داناوە لە (مشكاة المصابيح)(ژ٥٤٦٢).

جەرح و تەعدیلی ڕیوایەتەکەی ئەبو داود:

أـ ئەبو حەمزەی مەڕوەزی هاڕونی کوڕی موغیرەی کوڕی حەکیمی بەجەلی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراوەو لە چینی حەوتەمە". حافیزی

میززیش ئەفەرمووێت: ئەبو حاتەم ئەفەرمووێت: "وا نازانم لەو ولاّتە پیاوێك هەبێت فەرموودەی لە هارِوونی کورِی موغیرِە صەحیح تر بێت"، وە نەسائیش ئەفەرمووێت: "یەحیای کورِی مەعین پێنچ فەرموودەی لێوە نوسیوەو ئەفەرمووێت: "متمانە پێککراو رِاستگۆیە"، وە ئەبو عوبەیدی ئاجوریش لە ئەبو داودەوە رِیوایەتی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "خراپ نیەو لە شیعەکانە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات) هێناویەتی و ئەفەرمووێت: "لەوانەیە هەڵە بکات". وە سولەیمانیش ئەفەرمووێت: "جێگای سەرنجە". برِوانە: (تهذیب الکمال)(ب٣٠/ل١١٠/ژ٦٥٢٧) طبعة مؤسسة الرسالة. (تقریب الثقات)(ب١/ل١٢٤١/ژ١٤٧٣٨). (الثقات لإبن حبان)(ب٩/ل٢٣٨). (میزان الإعتدال)(ب٤/ل٢٨٧/ژ٩١٧٣). (تقریب التهذیب)(ب١/ل١٠١٥/ژ٧٢٩٢).

ب ـ عەمری کورِی ئەبو قەیسی رِازی ئەزرِەقی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "رِاستگۆیەو وەهمیشی هەیە، وە لە چینی هەشتەمە". وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "رِاستگۆیەو وەهمیشی هەیە، وە ئەبو داود فەرموویەتی: "خراپ نیە، وە لە فەرموودەیدا هەڵەش هەیە". وە ئیبن و حیبانیش لە (الثقات) هێناویەتی. برِوانە: (میزان الإعتدال)(ب٣/ل٢٨٥/ژ٦٤٢٩). (تقریب التهذیب)(ب١/ل٧٤٣/ژ٥١٣٦). (الثقات لإبن حبان)(ب٧/ل٢٢٠). (تقریب الثقات)(ب١/ل٩٢٠/ژ١٠٥٣٢).

ج ـ شوعەیبی کورِی خالیدی بەجەلی رِازی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "خراپ نیەو لە چینی حەوتەمە". وە ئیبن و شاهین لە (الثقات) هێناویەتی و

ئەفەرمووێ: "خراپ نیە زوهەیری کوڕی موعاویە ڕیوایەتی لێوە کردووە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات) هێناویەتی. وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "قازی شاری ڕەی بووەو ڕاستگۆیە". وە حافیزی علاء الدینی حەنەفیش ئەفەرمووێت: "ئیبن و خەڵفون لە (الثقات) هێناویەتی، وە یەحیای کوڕی مەعینیش ئەفەمەرمووێت: "خراپ نیە". وە ئیبن و خوزەیمەو حاکم ڕیوایەتیان لێوە کردووە. وە ئەحمەدی کوڕی صاڵحی عەجلی ئەفەرمووێت: "ڕازی متمانە پێکراوە". بڕوانە: (الثقات لإبن شاهین)(ب١/ل١١٣/ژ٥٤٥). طبعة دار السلفية. (إكمال تهذیب الكمال)(ب٤/ل٥٦/ژ٢٥٦٢) طبعة دار الكتب العلمية. (الثقات للعجلي)(ب١/ل٢٢١/ژ٦٧٠) طبعة دار الكتب العلمية. (الثقات لإبن حبان)(ب٦/ل٤٣٩). (تقریب الثقات)(ب١/ل٥٥٩/ژ٦٣٩٩). (تقریب التهذیب)(ب/ل٤٣٧/ژ٢٨١٤). (الكاشف للذهبِي)(ب١/ل٤٨٦/ژ٢٢٨٧).

د ـ ئەبو ئیسحاقی سوبەیعی عەمری کوڕی عبد اللّٰه کوڕی عوبەید وە ئەشگوترێ: عەلی وە ئەشگوترێ: ئیبن و ئەبی شوعەیرەی هەمەدانی: متمانە پێککراو ڕیوایەت زۆرو خواپەرستە، وە لە چینی سێیەمەو لە کۆتایی تەمەنیدا فەرموودەکانی تێکەڵ ئەکرد، وە لەساڵی ١٢٩کۆچی وەفاتی کردووە". زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ڕەحەتی خوای لەسەر بێ زۆر بەڕۆژوو ئەبوو وە زۆر خواپەرستی ئەکرد، وە لە بەڕێزترینی تابعیەکانە، وە خۆیشی فەرموویەتی: لە ماوەی دوو ساڵ بەسەر چوونی خەلافەتی ئیمامی عوسمان لە دایکبوومە، وە ئیمامی عەلیم بینیوە لەسەر مینبەری وتاردان کە سەرو ڕیشی سپی ببوو، وە

له عەلی كوڕی مەدینیش نەقڵ كراوە كەوا ئەفەرمووێت: "ئەگوترێ گوێبیستی ٣٨ هاوەڵی پێغەمبەری خوا بووە". وە ئەحمەدی كوڕی حەنبەل و یەحیای كوڕی مەعینیش متمانەیان پێداوە". وە ئیبن و حیببانیش لە (الثقات) هێناویەتی ئەفەرمووێ: "مودەلیس بووە". وە عەجلیش ئەفەرمووێت: "متمانە پێككراوە" بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٧٣٩/ژ٥١٠٠). (سير الأعلام النبلاء)(ب٥/ل٣٩٣). (الثقات لإبن حبان)(ب٥/ل١٧٧). (تقريب الثقات)(ب١/ل٩٣٠/ژ١٠٦٦٣). (الكاشف للذهبِي)(ب٢/ل٨٢/ژ٤١٨٥). (الثقات للعجلي)(ب١/ل٣٦٦/ژ١٢٧٢).

ف ـ ئەبو لحەسەنەین عەلی كوڕی ئەبو تالیبی كوڕی عبد المطلبی كوڕی هاشمی هاشمیە: ئامۆزای پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، وە فاتیمەی كچیشی خێزانێتی، یەكێكە لە هاوەڵە یەكەمینە پێشكەوتووەكان، وە كۆمەڵێك لە زاناكان ئەم بۆ چوونەیان پەسند كردووە كەوا یەكەم كەس بووە كە بووەتە موسڵمان، لەو یانزە كەسەیە كە پێش هەموو عەرەب موسڵمان بوون، لە مانگی ڕەمەزاندا بە دەستی عبد الرحمن كوڕی مولجەم شەهید بوو لە ساڵی ٤٠ كۆچی، بە كۆی یەك دەنگی زانایانی ئەهلی سوننە ئیمامی عەلی لەو كاتەیا باشترین كەس بووە لە نێو ئادەمیزادە زیندووەكاندا، وە لەسەر بۆچوونی پەسندیش ئەوەیە كەوا تەمەنی ٦٣ ساڵ بوو كە وەفاتی كرد. بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٦٩٨/ژ٤٧٨٧).

واته: ئیمامی عەلی ڕەزای خوای لێ بێ سەیری کوڕەکەی خۆی ئیمامی حەسەنی کردو فەرمووی: ئەم کوڕەی من سەیدە هەروەکوو پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ناوی لێ ناوە، وە لە پشتی ئەویش پیاوێك دەردەچێ ناوەکەی ناوی پێغەمبەرەکەتانە صلی الله علیه وسلم، لە شێوەو ڕوخسار لەو ناچێ بەڵام لە خووڕەوشت و ئەخلاقیدا لەو دەچێ.

ئیبن و تەیمیە بەردەوامە لە وتەکانی و ئەفەرمووێت: جا ئەم فەرموودانە تاقمانێك هەڵەیان تێدا کرد، وە تاقمێکیش ئینکاریان کرد، وە فەرموودەی ئیبن و ماجەیان کردە بەڵگە کەوا پێغەمبەری خوا ئەفەرمووێت: (لا مهدی إلاَّ عیسی بن مریم)، واتە: هیچ کەسێك مەهدی نیە تەنیا عیسیا کوڕی مەریەم نەبێت. تەواوی فەرموودەکەش بەم جۆرەیە:

**٦.(حدثنا یونس بن عبد الأعلی حدثنا محمد بن إدریس الشافعي حدثني محمد بن خالد الجندي عن أبان بن صالح عن الحسن عن أنس بن مالك أن رسول الله صلی الله علیه وسلم قال لا یزداد الأمر إلا شدة ولا الدنیا إلا إدبارا ولا الناس إلا شحا ولا تقوم الساعة إلا علی شرار الناس ولا المهدي إلاعیسی ابن مریم)**[١٣].

---

[١٣] ئیبن و ماجە لە (سنن إبن ماجە)(ژ٤٠٣٩). وە حاکم لە (مستدرك حاکم)(ژ٨٤٣٠). وە ئیبن و عەساکیر لە (تاریخ الدمشق)(ب٤٧/ل٥١٨) ط.

دار الفكر. ڕیوایەتیان کردووە. حاکم ئەفەرمووێت: "صامتی کوڕی موعاز ئەفەرمووێ: لام دا بۆ لای جەنەدی بەماوەی دوو ڕۆژان لە صەنعاوە، جا چوومە لای فەرموودە گێڕەڕەوەیەك و ئەم فەرموودەم لێ داوا کرد ئیتر لای ئەو دەستم کەوت (سەنەدەکەی) لە محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی ئەویش لە ئەبانی کوڕی ئەبو عەیاشەوە ئەویش لە حەسەنەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم ڕیوایەت کرابوو". وە ئیمامی زەهەبیش لێرە لەسەری بێ دەنگە. جا بەیهەقیش لە حاکمەوە هەمان ئەو وتەیە ئەهێنێ و دواتر ئەفەرمووێت: "محمدی کوڕی خالید لەو ڕیوایەتە تاکە (واتە: تەنیا کەسێکە ئەو ڕیوایەتی کردووە). ئینجا دواتر ئەفەرمووێ: " فەرموودەکە گەڕایەوە بۆ ڕیوایەتی محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی کە کەسێکی نەناسراوە، ئەویش لە ئەبانی کوڕی ئەبی عەیاشەوە ئەویش کەسێکی وازلێ هێنراوە (مەتروکە)، ئەویش لە حەسەنەوە ئەویش لە پێغەمبەرەوە صلی اللە علیە وسلم، ئەوەش پچڕاوە، وە ئەو فەموودانەی کە دەقی لەسەرە لەسەر دەرچوونی مەهدی سەنەدیان صەحیحترە، وە ئەمەی تێدایە کەوا لە نەوەی پێغەمبەری خوایە صلی اللە علیە وسلم". وە ئەلبانیش ئەفەرمووێت: فەرموودەیەکی مونکەرە، وە سەنەدەکەی زەعیفە لەبەرئەوەی سێ دەردی تیایە:

---

یەکەم: عەنعەنەکەی حەسەنی بەصری بەهۆی ئەوەی کە تەدلیس ئەکات.

دووەم: نەزانراویەکەی محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی، چونکە نەزانراوە هەروەکوو ئیبن و حەجەر لە (التقریب)دا فەرموویەتی وەکوو ئەوانی تر.

سێیەم: خیلافیش لە سەنەدەکەیدا هەیە. دواتر هەمان وتەکەی بەیهەقی ئەهێنێ کە لەحاکمەوە هێناویەتی، ئەمیش ئەیکاتە دەردی سێیەم بۆ سەنەدەکە. بڕوانە: (سلسلة الأحادیث الضعیفة)(ب١/ل١٧٥/ژ٧٧) ط. مکتبة المعارف. (تهذیب الکمال للحافظ المزي)(ب٢٥/ل١٤٩) ط. مؤسسة الرسالة. زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئەزدی فەرموویەتی: محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی فەرموودەی مونکەڕە، وە حاکمیش فەرموویەتی: نەناسراوە". بڕوانە: (میزان الإعتدال)(ب٣/ل٥٣٥/ژ٧٤٧٩).

جەرح و تەعدیلی ڕاویەکانی سەنەدی ئیبن و ماجە

أـ یونس کوڕی عبد الأعلی کوڕی مەیسەرەی صەدەفی: "ئیمام و حافیزو خاوەن عەقڵ و کەسایەتی مەزنی نێو ئەم ئوممەتەیە، ئیمامی نەسائی و ئیبن و ئەبی حاتەم و ئەبو حاتەم متمانەیان پێداوە"، ئیمامی زەهەبی ئەفەرمووێت: "متمانە پێکراوە، زەهەبی ئەفەرمووێت: "ئەم فەرموودەیە مونکەڕەو ئیبن و

ماجه ڕیوایەتی کردووە، وە ئەو فەرموودەیەی کەوا لە ئیمامی شافیعی بە تەنیا ڕیوایەتی کردووە ئەوە تەدلیسی کردووە، وە من سەرچاوەیەکی کۆنم بینی کە تیایدا ئەڵێ: "لە شافیعیەوە بۆم گێڕدراوەتەوە، ئیتر بەم پێیە ئەوە فەرموودەیەکی پچڕاوە، هەروەکوو ئەوەی کۆمەڵێك لە یونسەوە ڕیوایەتیان کردووە کەوا ئەفەرموێت: شافعی بۆی باس کردین، بەڵام ئەوەی صەحیح بێ ئەو لە شافعی نەبیستووە". وە ئیبن و حەجەری عەسقەلانی ئەفەرمووێت:"متمانە پێکراوە"، بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٢/ل٣٤٩) ط. مؤسسة الرسالة. بڕوانة: (تقريب التهذيب)(ل١٠٩٨/ژ٧٩٦٤) ط. دار العاصمة. (ميزان الإعتدال)(ب٣/ل٥٣٥/ژ٧٤٧٩).

ب ـ محمدی کوڕی ئیدریسی شافعی: ئیمام و حافیزو متمانەپێکراو سەبت و بیللەمەت و کەسایەتیەکی متمانە پێکراوی نێو ئەم ئوممەتەیە، وە شافیعی ئەوەندە بەناوبانگە لە هەموو ڕوویەکەوە تەنیا یەك وتەی ئیبن و حەجەر ئەهێنم کە لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "نوێکەرەوەی دین بووە لە سەدەی دووەمی کۆچی"، بڕوانە: بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٨٢٣/ژ٥٧٥٤).

ج ـ محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: (مەجهوولە، واتە: نەزانراوە). بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ل٨٤٠/ژ٥٨٨٦). کەچی ئیبن و

حەجەر خۆی لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "ئیبن و مەعین متمانەی پێداوە، وە بەیهەقی و حاکم بە مەجهولیان داناوە، وە ئیبن و عبد البر بە مەتروکی داناوە"، بڕوانە: (تهذيب التهذيب)(ب٩/ل١٤٣/ژ٢٠٠) ط. مجلس دائره المعارف النظامية الكائنة في الهند. منیش ئەڵێم: "حافیزی میززی ئەفەرمووێت: حافیزی ئەبو حەسەن محمدی کوڕی حوسێنی ئابوری لە کتێبی (مناقب الشافعی) دا ئەفەرمووێت: محمدی کوڕی عبد الرحمانی هەمەدانی لە بەغدا هەواڵی پێدام و فەرمووی: محمدی کوڕی مەخلەد کە عەططارە بۆی باس کردین و فەرمووی: ئەحمەدی کوڕی محمدی کوڕی موئەممەلی عەدەوی بۆی باس کردین و فەرمووی: یونسی کوڕی عبد الأعلی پێی گوتم: لە ساڵی ٢١٣ (کۆچی) پیاوێکی سەرو ڕەش سپی هاتە لام و پارچە جلێکی بەسەرەوە بوو، جا لەبارەی ئەو فەرموودەوە پرسیاری لێ کردم و فەرمووی: محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی کێیە؟ منیش گوتم نازانم، پێمی گوت: ئەوە بانگبێژی جەنەدەیە، وە متمانە پێکراوە. منیش گوتم: تۆ یەحیای کوڕی مەعینی؟ فەرمووی: بەڵێ، منیش پێم گوت: فەرموودەی ئیبن و وەهب متمانە پێکراوە، وە ئاسانکاری و سوکیەکیشی تێدایە. ئینجا دوای ئەوە حافیزی ئەبوحەسەن ئابوری ئەفەرمووێت: "هەواڵەکان تەواتورن، وە بڵاو بوونەتەوە لەبەر زۆری ڕیوایەتەکان لە پێغەمبەرەوە صلى الله

علیه وسلم، واته: له بارەی مەهدیەوە که له ئال و بەیتی ئەوە، وه حەوت ساڵان دەسەڵاتی ئەبێت و زەوی پڕ ئەکات له دادو یەکسانی، وه لەوکاتەی که عیسای کوڕی مەریەمە دەرئەچێ ئەویش یارمەتی دەری ئەبێ بۆ کوشتنەکەی له دەرگای لود له خاکی فەڵەستین، وه ئیمامەتیش بۆ ئەم ئوممەته ئەکات، وه عیساش نوێژی له دواوه ئەکات هەروەکوو له چیرۆکەکەیدا هاتووەو به فەرمانی ئەویش، وه محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی هەرچەندە لای یەحیای کوڕی مەعین باسی لێوه کراوه هەروەکوو باسم کرد لەبەر ئەوەی کەسێکی ناسراو نەبووه لای کەسانی پسپۆر له زانستخوازان و ئەهلی نەقڵدا". (تهذیب الکمال للحافظ المزي)(ب٢٥/ل١٤٨) ط. مؤسسة الرسالة.

وه هەروەها ئیبن و کەثیریش ئەفەرمووێت: "ئەم فەرموودەیە بەناوبانگه به محمدی کوڕی خالیدی جەنەدی صەنعانی بانگبێژ که شەیخی شافعی بووه، وه هەروەها له یەکێك زیاتر لەویان ڕیوایەت کردووە، وه نەناسراویش نیه هەروەکوو ئەوەی حاکم وا گومانی بردووه، بەڵکوو له ئیبن و مەعینەوه ڕیوایەت کراوه کەوا متمانەی پێداوه، بەڵام هەندێك له ڕاویەکان لەوەوه گێڕاویەتیانەوە له ئەبانی کوڕی ئەبو عەییاش له حەسەنی بەصریەوە به مورسەلی، وه شەیخیشمان (حافیزی میززی) له (التهذیب) له هەندێك کەسەوە ئەو خەونەی

هێناوه کەوا ئیمامی شافعیان لە خەودا بینیوەو ئەویش فەرموویەتی: یونسی کوڕی عبد الأعلی درۆی بەمنەوه کردووه ئەوه فەرموودەی من نیە.

جا منیش ئەڵێم (واته ئیبن و کەثیر):"یونسی کوڕی عبد الأعلی لە متمانە پێکراوەکانە، تانەی لێ نادرێت بەهۆی خەوێکەوە. بڕوانە: (البدایة والنهایة)(ب١٩/ل٥٦) ط. دار عالم الکتب.

د ـ ئەبانی کوڕی صالّحی کوڕی عومەیری کوڕی عوبەیدی قورەیشی: ئیبن و حەجەر لە بارەیەوە ئەفەرمووێت: "ئیبن و مەعین و عەجلی و یەعقوبی کوڕی شەیبەو ئەبو زورعەو ئەبو حاتەم متمانەیان پێداوە، وە نەسائیش فەرموویەتی: "خراپ نیە"، وە هەروەها ئیبن و حیببانیش متمانەی پێداوە"، بڕوانە: (تهذیب التهذیب)(ب١/ل٩٤/ژ١٦٨).

ع ـ ئەبو سەعید حەسەنی کوڕی ئەبو حەسەنی یەساری بەصری: ئیمامی زەهەبی ئەفەرمووێت: لە ئەنەسەوه ڕیوایەتکراوه کەوا ئەفەرمووێت: پرسیار لەحەسەن بکەن چونکە ئەو لەبەری کردو ئێمەش لە بیرمان کرد (واته زانست)، بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب٤/ل٥٧٣). ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: ئەبو زورعە ئەفەرمووێت: هەر شتێك کە حەسەنی بەصری ئەیلێ کەوا پێغەمبەری

**ئەم فەرموودەیە زەعیفە، جا محمدی کوڕی وەلیدی بەغدادی و غەیری ئەویش پشتیان بەو فەرموودەیە بەست کە جێگای پشت بەستن نیە، ئەمە**

---

خوا گوتویەتی ئەوە سەرچاوەکەیم دۆزیوەتەوە تەنیا چوار فەرموودە نەبێ"، وە محمدی کوڕی سەعدیش لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: حەسەن کۆکەرەوەو زاناو بەرزو متمانە پێکراوو ئەمین و عابیدو خواپەرست بوو، وە زۆر زانستیشی هەبوو، وە زمان پاراوو جوان و قەشەنگ بوو، جا ئەو فەرموودەی کە بە سەنەدەوە ئەدرێتە پاڵیەوە وە ئەوەش کە ڕیوایەت ئەکات کەوا لەوی بیستووە ئەوە بەڵگەو حوججەیە، بەڵام ئەو فەرموودەی کە بۆ لایەوە ئیرسال ئەکرێت ئەوە بەڵگەو حوججە نیە"، وە ئیبن و مەدینیش ئەفەرمووێ: "مورسەلاتەکانی حەسەن ئەگەر متمانە پێکراوەکان لێیەوە ڕیوایەتی بکەن ئەوە صەحیحە، بەڵام لەوان لە خوارتر ئەوە ئەکەوێت"، بڕوانە: (تهذیب التهذیب)(ب٢/ل٢٦٦/ژ٤٨٨). (تدریب الراوي في شرح تقریب النواوي)(ب١/ل١٠٣) ط. دار أحیاء التراث العربي.

ف ـ ئەنەسی کوڕی مالیکی کەعبی قوشەیری: هاوەڵ و خزمەتکاری گەورەی پێغەمبەری خوایە صلى الله علیه وسلم. بڕوانە: (تقریب الثقات للحافظ أبي حاتم محمد بن حبان)(ل٢٤٥/ژ١٥٨٢) ط. دار المعرفة.

ئیبن و ماجه ڕیوایەتی کردووە لە یونسەوە لە شافعیەوە، وە شافعیش لە پیاوێکی ئەهلی یەمەن گێڕاویەتەوە کە دەگوترێ: محمدی کوڕی خالیدی جەنەدیە، کەسێکە ناکرێتە بەڵگە، وە ئەم فەرموودەیە لە (مسند الشافعی) نیە، وە دەشگوترێ: کەوا شافیعی لە خالیدی جەنەدیەوە نەیبیستووە، وە یونسیش لە شافعیەوە نەیبیستووە.

پێم خۆش بوو وتەکەی ئیبن و تەیمیە ڕابگرم و وتەیەکی ئیبن و قەیمی جەوزی بێنم کە لەبارەی ئەو فەرموودەوە ئەفەرمووێت:"فەرموودەکانی مەهدی چوار بەشن (صەحیح، حەسەن، زەعیف، هەڵبەستراو)". پاشان ئەفەرمووێت: "خەڵکانێك گوتیان: کەوا عیسای کوڕی مەریەم مەهدیە، جا بێگومان لە ڕاستیدا مەهدیە، ئەوانەی ئەم بۆچوونەیان هەیە فەرموودەکەی محمدی کوڕی خالیدی جەنەدیان کردووەتە بەڵگە، جا ئێمەش لەمەوپێشدا حاڵی ئەومان ڕوونکردەوە، کەوا صەحیح نیە، وە ئەگەر صەحیحیش بێ ناکرێتە بەڵگە، لەبەر ئەوەی عیسا مەزنترین مەهدیە لەبەردەستی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، وە لە نێوان هاتنی قیامەتدا، وە فەرموودە صەحیحەکان بەڵگەن لەسەر دابەزینەکەی لە منارەی بەیزاء، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دیمەشق، وە حوکم دەکات بە کتێبی خوای گەورە کە قورئانە،

وه جوولـه‌كه‌و دیانه‌كانیش ده‌كوژیٚ، وه سه‌رانه‌ش داده‌نیٚ، وه لـه زه‌مانی خۆیدا نه‌ته‌وه‌كانی تریش لـه‌ناو ده‌بات.

جا دروسته بگوتریٚ: هیچ مه‌هدیه‌كی ڕاسته‌قینه نیه جگه لـه عیسا نه‌بیٚ، ئه‌گه‌رچی غه‌یری ئه‌ویش مه‌هدیه، هه‌روه‌كوو ده‌گوتریٚ: زانست نیه ته‌نیا ئه‌وه نه‌بیٚ كه سوودی هه‌یه، وه مالٚ و سامانیش نیه ته‌نیا ئه‌وه نه‌بیٚ كه خاوه‌نه‌كه‌ی ده‌پاریٚزیٚ.

وه هه‌روه‌ها دروستیشه كه بگوتریٚ: بیٚگومان عیسای كوڕی مه‌ڕیه‌م مه‌هدیه، واته مه‌هدیه‌كی كاملٚ و پاریٚزراو"[١٤]. وه ئیبن وقه‌یم فه‌رمووده‌كانی هیٚناوه‌و بڕوایه‌كی پته‌ویشی به هاتنی مه‌هدی هه‌یه، وه لـه‌سه‌ر بڕوا نه‌هیٚنانیش به مه‌هدی كه‌س كافر ناكات.

وه هه‌روه‌ها ئیبن و كه‌ثیریش ده‌فه‌رموویٚت: "ئه‌م فه‌رمووده‌یه بۆ كه‌سیٚكی تازه پیٚگه‌یشتوو وا ده‌رده‌كه‌ویٚ كه‌وا پیٚچه‌وانه‌ی ئه‌و فه‌رموودانه‌یه كه ئیٚمه هیٚناومان بۆ سه‌لماندنی مه‌هدی كه غه‌یری عیسای

[١٤] بڕوانه: (منار المنيف في الصحيح والضعيف للشيخ إبن القيم الجوزي)(ب١/ل١٤٨) ط. دار عالم الفوائد.

کوڕی مەریەمە، جا یان پێش دابەزینی بەدیاردەکەویٚ کە ئەم بۆچوونە دیارترو پەسند ترە خوای گەورەش دەیزانیٚ، یاخود دوای دابەزینیەتی، وە ئەگەر بیر لەم فەرموودەیە بکرێتەوە دژایەتی تێدا نابینرێت، ئەو کاتە مەبەست پێی ئەوە دەبێت کەوا مەهدی ڕاستەقینە ئەوە عیسای کوڕی مەریەمە، جا ئەمەش نەفی ئەوە ناکات کەوا غەیری خۆی مەهدی بێت"[١٥].

وە ئیبن وکەثیریش لەسەر بڕوا نەهێنان بە مەهدی کەس کافر ناکات.

دێینەوە سەر وتەکەی ئیبن و تەیمیە:

دووەم: شیعەی ئیمامی دوانزەیی بانگەشەی ئەوەیان کرد کەوا ئەوە مەهدی ئەوانە، کە ناوی محمدی کوڕی حەسەنە، وە ئەو مەهدیەی کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وەصفی کردووە ناوی محمدی کوڕی عبد الله یە، هەر بۆیەش تاقمێك ناوی باوکیان لە لەفزی فەرموودەی پێغەمبەر ڕەشکردەوە هەتاوەکوو دژایەتی درۆکەیان نەکات، وە تاقمێکیش دەستکاریان کردو فەرموویان: ناوی باپیری حوسەینە، وە کونیەکەشی ئەبو

---

[١٥] بڕوانە: (البداية والنهاية)(ب١٩/ل٥٦) ط. دار عالم الكتب.

عبد الله یە، واتاکەی بەم شێوەیە ئەبێت کە محمدی کوڕی ئەبو عبد الله یە، کونیەکەیان گۆڕی و کردیانە ناو.

وە یەکێکیش لەوانەی کە ئەم ڕێگەیەی گرتەبەر ئەبو تەڵحە بوو لە کتێبەکەی کە ناوی ناوە (غایة السول فی مناقب الرسول)، جا ئەوەی کەمترین تێبینی لەسەری هەبێت دەزانیٚ ئەمە دەستکاری کردنێکی ڕوون و ئاشکرایە، وە درۆی بە پێغەمبەری خواوە کردووە، ئایا هیچ کەسێك هەیە غەیری ئەم واتایە وا تیٚ بگات لە وتەکەی (یواطئ إسمه إسمي، وإسم أبیه إسم أبي) لە کاتێکیشدا ناوی باوکی عبد الله یە؟ ئایا ئەو لەفزە دەلالەت لەوە دەکات کەوا کونیەی باپیرەی ئەبو عبد الله یە؟

پاشان چ جیاوازیەك لەمە دەست دەکەویٚ؟ وە چەند ڕۆڵەی حوسێن هەبوو کە ناویان محمد بوویٚ، وە هەموو ئەمانەش بە باپیرەکانیان بگوتریٚ: محمدی کوڕی ئەبو عبد الله هەروەکوو گوتراوە؟ وە چۆن ئەو کەسە ئەتوانیٚ خۆی لا بدات لەوەی کەوا داوای ڕوونکردنەوە لە کەسێك ئەکات کە ناوی محمدی کوڕی حوسێنە، ئینجا بگوتریٚ: ناوی محمدی کوڕی عبد الله یە جا مەبەستی بەمەش ئەوەبیٚ کەوا باپیرەی ئەبو عبد الله یە؟

جا ئەمەش دەستكاری كردنی بووە كەوا ناوی محمدی كوڕی حوسێنە، یاخود ئیبن و ئەبی حوسێنە، لە كاتێكا ئێمە زانیومانە كەوا باپیرەی عەلیەو كونیەكەشی ئەبو حەسەنە، هەر بۆیەش ئەمە چاكترە لەوەی كە ئەو دەیلێ، وە ڕوونتریشە بۆ ئەو كەسەی كە ڕێنمایی و ڕوونكردنەوەی دەوێ.

وە هەروەها ئەو مەهدیەی كە وەصف كراوە لە ڕۆڵەی حەسەنی كوڕی عەلیە نەك لە ڕۆڵەی حوسێن، هەروەكوو فەرموودەكەی ئیمامی عەلی لە پێشتردا باسمان لێوە كرد.

سێیەم: تاقمانێكیش هەبوون هەر یەكەیان بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كەوا ئەو مەهدیە موژدە پێدراوە لە نێو ئەواندایە، وەكوو مەهدی قەرامیطەی باطینیەكان، كە بانگەوازەكەیان لە مەغریب دەستی پێكرد، ئەمانە لە ڕۆڵەی مەیموونی قەدداح بوون، بانگەشەی ئەوەیان دەكرد كەوا ئەم مەیموونە لە ڕۆڵەی محمدی كوڕی إسماعیلە، ئیتر لەمەوە دراوەتە پاڵ ئیسماعیلی، جا ئەمانە مولحیدن لە ژوورەوە، وە دەریش چوونە لە هەموو ئاینەكان، وە كافرترن لە غالیەكان وەكوو نوصەیریەكان[١٦]، وە

[١٦] نوصەیریەكان: گروپێكن لە گروپەكانی شیعەی غالیە، كە پیاوێكی گومڕا دایمەزراند بەناوی (ئەبو شوعەیبی محمدی كوڕی نوصەیری بەصری)، كەسێك بوو

له ڕیزی شیعەی دوانزە ئیمامی، پاشان پێچەوانەی ئەوانی کردو بە تەنیا گروپێکی دامەزراند، وە بنکەی سەرەکیشی لە شاری سامەڕا دانا، ئیتر ئەمە بووە مەرجەعێکی بەرز بۆ مەزهەبی نوصەیری هەتا لە ساڵی **٢٦٠** کۆچی لەناو چوو، وە بانگەشەی پێغەمبەرایەتیشی کرد، وە ئەو کەسەش کە ئەوی وەك پێغەمبەر ناردووە ئەوە ئەبو حەسەن عەلی کوڕی ئەبو تاڵیبە. وە بەزۆری لە وڵاتی شام بەربڵاون (واتە: سوریاو ئوردن و لوبنان و فەڵەستین)، وە لەگەڵ داگیر کردنی سوریا لەلایەن فەڕەنساوە لە ساڵی **١٩٢٠**ناویان لەخۆنا عەلەویەکان، وە بیروباوەڕیشیان زۆر زۆر ترسناکە ئەویش بەم شێوەیە:

لای ئەوان ئیمامی عەلی خوایەو لەناو هەوریشدایە، هەربۆیەش کاتێ کە گوێیان لەدەنگی هەور ئەبێت هەوری زۆر بەگەورە ئەگرن، جا کاتێکیش گوێیان لێ ئەبێ ئەڵێن: سەلامت لێ بێ ئەی باوکی حەسەنەین، وە ئەڵێن: هەورە تریشقەو گرمەگرمەکەی ئەوە تەسبیحی ئەوە، وە پێغەمبەرمان لەشەودا گەیەنەرە بەو واتە: لەیەك جەستەدان وە لە ڕۆژیشدا لە یەك جودان، وە عەلی پێغەمبەرمانی دروستکردووە، وە پێغەمبەریشمان سەلمانی فارسی دروست کردووە، وە سەلمانیش ئەو پێنجەی دروست کردیە کە جڵەوی ئاسمانەکان و زەویان بەدەستە:

١ـ میقدادی کوڕی ئەسوەدی کیندی کە سەرپەرشتی کاری تریشقەو گرمەی هەور و بوومەلەرزەیە.

**مەزهەبەکانیشیان پێکهێنراوە (لەسەر بنەڕەتی) مەزهەبی مەجوسی و صابیئی و فەیلەسووفەکان، وە لەگەڵ دەرخستنی شیعەگەرایەتیش، ئەمانە باپیرەیان کەسێکی جوولەکە بووە کە زڕ کوڕی پیاوێکی مەجووسی بووە، ئەمانە لە ڕابووردوودا دەوڵەت و شوێنکەوتووشیان هەبوو.**

**جا زاناکان کتێبیان دانا بۆ دەرخستنی نهێنیەکانیان و لەکەدارکردنی شتە پەردەپۆشکراوەکانیان، بۆ نموونە: کتێبی ئیمامی قازی ئەبو بەکر**

---

٢ـ ئەبو زەڕڕی غیفاری کە سەرپەرشتی کاری خولانەوەی هەسارەکان و ئەستێرەکانە.

٣ـ عبد الله کوڕی ڕەواحە کە کە سەرپەرشتیکاری باکان و وەرگرتنەوەی ڕۆحی مرۆڤەکانە.

٤ـ عوسمانی کوڕی مەظعون کە سەرپەرشتیکاری گەدەو گەرمی جەستەو نەخۆشیەکانی مرۆڤە.

٥ـ قونبوری کوڕی کادانی ڕۆمی کە سەپەرشتیکاری فووکردنی ڕۆحەکانە لە جەستەکاندا.

وە ئەم بیروباوەڕە پیسەشیان هەیە کە پێیان وایە خوا هەر کاتێك ویستی لەسەر هەبێت دێتە نێو لاشەکانەوە. بڕوانە: (التوحيد والفرق المعاصرة لكمال الدين الطائي)(ل١٧٤) ط. سلمان الأعظمي. (طائفة النصيرية ـ تاريخها وعقائدها لدكتور سليمان الحلبِي)(ل١٨١) ط. أمواج

باقلانی، وە قازی عبد الجباری هەمەدانی، وە کتێبی ئیمامی غەزالی و غەیری ئەوانیش.

وە یەکێکی تر لەوانەی کە بانگەشەی مەهدی بوونی ئەکرد ئیبن و تۆمەرت بوو، کە لە مەغریب سەری هەڵدا، وە ناوی لە هاوەڵەکانی خۆی نا (موەحیدین)[17]، وە دەشگوترێ لە وتارەکانیان پێیان دەگوت: "ئیمامی پارێزراو، وە مەهدی ناسراو"، ئەو کەسەی کەوا زەوی پڕ ئەکات لە دادو یەکسانی، هەروەکوو لە پێشدا کە پڕ ببوو لە جەورو ستەمکاری، وە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەوا لە ڕۆڵەی حەسەنە نەك حوسێن، وە کەسێکی ڕافیزی شیعی نەبوو، وە کەسێك بوو ئەزموونی لە فەرموودەدا هەبوو لەوەی کە بانگەشەی هاوشانی بوونی بەرامبەر بە فەرموودەکان دەکرد، وە بێ چارەییەکەی بۆ وەدەرکەوت کەوا ئەوکەسە نیە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم باسی لێوە کردووە. وە زۆری تریش هەن کە بانگەشەی ئەوەیان کرد، لەوانە هەبوو کوژرا، وە لە نێویشیاندا هەبوو هاوەڵەکانی بانگەشەی ئەوەیان بۆ دەکرد (واتە خۆی نەی دەگوت بەڵکوو شوێنکەوت و دەورو نزیکەکانی)، وە ژمارەی ئەمانەش گەلێك

[17] واتە: یەکتاییەکان، یاخود یەکگرەکان.

زۆرن نایەنە هەژماردن مەگەر تەنها خوای گەورە نەبێ، وە دەشکرێ یەکێك لەمانە سوودی بۆ گەلێك هەبووبێ، وە لە هەمان کاتیشدا زیانی هەبووە بۆ کەسانێکی تر، هەروەکوو ئەوەی بۆ مەهدی مەغریب وەدەستکەوت، کە تاقمانێك بەهۆیەوە سوودیان لێ بینی، وە تاقمانێکی تریش زیانیان لێ بینی، وە شتی وای تێدایە کە سوپاسکراوە، ئەگەرچی شتی وایشی تێدایە کە لۆمەکراوە.

جا لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەمەو وێنەی ئەویش چاکترن لە مەهدی ڕافیزیەکان، کە هیچ سەرچاوەو شوێنەوارێکی نیە، وە هیچ هەست و هەواڵێکی نیە، هیچ کەسێك سوودی لێ نەبینیون نە بۆ دین وە نە بۆ دونیاش، بەڵکوو بەهۆی باوەڕبوون بە بوونی تەنیا شەڕو خراپە وەدەستکەوت کە نایەتە هەژمار مەگەر خوای گەورە نەبێ.

وە لە سەردەمی ئێمەشدا زیاتر لە یەکێك لە شەیخەکان ئەوە زانراوە ئەوانەی کە زوهدو خواپەرستیان هەیە هەر یەکێك لەمانە گومانی مەهدی بوونی بۆ خۆی دەکات، وە دەکرێ یەکێکیان چەندین جار گوفتاری مەهدی بوونی لەگەڵ کرابێ، دەکرێ ئەوەی گوفتاری لەگەڵ کردووە شەیتان بێت، ئیتر وا گومان دەبات کەوا ئەم گوفتارە لە لایەن خوای

گەورەوەیە، وە دەکریٚ یەکێکیان ناوی ئەحمەدی کوڕی ئیبڕاهیم بێت جا پیٚ بگوتریٚ: محمد و ئەحمد وەکوو یەکن، وە ئیبڕاهیمی خەلیل باپیرەی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم، وە باوکیشت ئیبڕاهیمە، هەر بۆیەش ناوەکەت ڕێکە لەگەڵ ناوی ئەو، وە ناوی باوکیشت لەگەڵ ناوی باوکی.

وە سەرەڕای ئەمەش ئەمانە لەگەڵ ئەوەی کە کەوتوونەتە ناو نەزانینی و هەڵەوە چاکترو باشترن لە چاوەڕوانکراوەکەی ڕافیزە، چونکە بەهۆی ئەوانەوە سوود قازانجانێك وەدەست دەکەوێت بەڵام لە چاوەڕوانکراوەکە هیچ وەدەست ناکەوێت، وە ئەو زیانەش لەوانەوە وەدەست ناکەوێت لەوەی کەوا لە چاوەڕوانکراوەکە وەدەست دەکەوێت، بەڵکوو زیانێکی زۆرتر لە هی ئەمان لە چاوەڕوانەکەی ڕافیزیەکان وەدەستکەوت"[18].
وتەکەی ئیبن و تەیمیە کۆتایی پیٚ هات، هەروەك خۆتان خوێنتانەوە ئیبن وتەیمیەش لەسەر بڕوا نەهێنان بە مەهدی کەس کافر ناکات.

[18] بڕوانە: (منهاج السنة النبوية لشيخ الإسلام إبن تيمية)(ب٨/ل٢٥٤) ط. جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية

وە هەروەها ئیبن و کەثیریش فەرموودەکانی هێناوەو بڕوایەکی پتەویشی بە هاتنی مەهدی هەیە، وە سەبارەت بەمەهدی ئەفەرموویێت:"ئەوە محمدی کوڕی عبد الله عەلەوی فاطمی حەسەنیە، خوای گەورەش زاناترە، وە خوای گەورە لە شەوێکدا چاکی دەکات واتە: تەوبەی لیٚ وەردەگریٚ، وە یارمەتی دەدات و ئیلهامی دەکات بەوەی کەچی باش بێت ئەوە بکات کە لەمەوپێشتردا وا نەبووە، وە پشتیوانی لیٚ دەکات کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتن، وە سەری دەخەن و دەسەڵاتەکەی بۆ دادەمەزرێن"[١٩].

---

[١٩] بڕوانە: (البدایة والنهایة)(ب١٩/ل٦٢).

**٧. حدثنا عبيد بن أسباط بن محمد القرشي الكوفي قال حدثني أبي حدثنا سفيان الثوري عن عاصم بن بهدلة عن زر عن عبد الله قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم لا تذهب الدنيا حتى يملك العرب رجل من أهل بيتي يواطئ اسمه اسمي قال أبو عيسى وفي الباب عن علي وأبي سعيد وأم سلمة وأبي هريرة وهذا حديث حسن صحيح)**[٢٠].

---

[٢٠] ترمذی له (سنن الترمذي)(ژ٢٢٣٠). ڕیوایەتی کردووە. ترمذی ئەفەرمووێ: "ئەم فەرموودەیە حەسەن و صەحیحە".

جەرح و تەعدیلی ڕیوایەتەکەی ترمذی

أـ عوبەیدی کوڕی ئەسباطی کوڕی محمدی کوڕی عبد الرحمن کوڕی خالیدی کوڕی مەیسەرەی قوڕەیشیە: ئیبن و حەجەر لە بارەی ئەسباطەوە کە دەکاتە باوکی عوبەید ئەفەرمووێ: "متمانە پێکراوە، وە بە زەعیفیش دانراوە لە ئیمامی سەوریەوە، لە ساڵی ٢٠٠کۆچی وەفاتی کردوە" واتە: ئەوەی ڕیوایەت دەکات لە سەوریەوە ئەوە بە زەعیف دانراوە. بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل١٢٤/ژ٣٢٢). وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: "ئیبن و مەعین

متمانەی پێداوە، وە حەسەنی کوڕی عیساش ئەفەرمووێت: پرسیارم لە عبد الله کوڕی موبارەك کرد دەربارەی ئەسباط و ئیبن و فوضەیل ئەویش فەرمووی: "وا نابینم هاوەڵانی ئێمە لێیان ڕازی بن"، وە محمدی کوڕی عبد الله کوڕی عەممار ئەفەرمووێ: "وەکیع بە ئێمەی فەرموو: "ئەسباطی کوڕی محمد سێ هەزار فەرموودەی هەیەو گوێبیستی بن"، بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب١٩/ل٣٥٦) ط. مؤسسة الرسالة. وە ئیمامی ئەبو وەلیدی باجی ئەفەرمووێ: "ئەبو حاتەمی ڕازی ئەفەرمووێ: "کەسێکی چاکە"، وە نەسائیش ئەفەرمووێ: "خراپ نیە"، وە ئیبن و مەعینیش ئەفەرمووێ: متمانە پێکراوە، وە هەڵەشی ئەکرد لە ڕێی سوفیانی کوڕی سەوریەوە، (واتە: ئەو فەرموودەی کە لە سوفیانەوە ڕیوایەتی ئەکرد هەڵەی تیا ئەکرد)، وە ئیبن و بەڕقیش لە ئیبن و مەعینەوە ڕیوایەتی کردووە کە ئیبن و مەعین ئەفەرمووێت: "کوفیەکان بە زەعیفیان دائەنا"، بڕوانە: (التعدیل والتجریح لمن خرج له البخاري في الجامع الصحیح للإمام أبي الولید الباجي)(ب١/٩٠/ذ١٢٣) ط. دار الکتب العلمیة. وە سەبارەت بە عوبەیدە کە ئەکاتە کوڕی ئەسباط ئەوە ئیبن و حەجەر لەبارەیەوە ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو لە چینی یانزەهەمینەو ساڵی ٢٥٠ کۆچی وەفاتی کردووە"، وە هەروەها ئیبن و ئەبی حاتەم ئەفەرمووێ: "باوکم لە

مەککە گوێبیستی بووە، عبد الرحمن کوڕی ئەبو حاتەم ئەفەرمووێت: پرسیار لە باوکم کرا دەربارەی عوبەید ئەویش فەرمووی: "شەیخە"، بڕوانە: (الجرح والتعدیل لإبن أبی حاتم)(ب٥/ل٤٠٢/ژ١٨٦٠) ط. دائرة المعارف العثمانیة. وشەی شەیخ زاراوەیەکە لای فەرموودەناسەکان بەڵام ڕاجیایی هەیە لەسەر پێناساندنەکەی، کە مانای تەجریح و تەعدیل دێت یان متمانەو فەرموودەی قەبووڵە، وە لەبەرئەوەش هەندێك ئەو ناوەیان لێناوە چونکە تەنیا یەك فەرموودە یان دوو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە. ئیمامی زەرکەشی ئەفەرمووێت: "حافیزی جمال الدینی مززی فەرموویەتی: (مەبەست بە وتەی شەیخ لای فەرموودەناسەکان ئەوەیە ئەو فەرموودەیەی کە ئەو کەسە ئەیگێڕێتەوە وازی لێ ناهێنرێت، وە فەرموودەکەشی ناکرێتە بەڵگە بەجێگری)". بڕوانە: (النکت علی مقدمة إبن صلاح)(ب٣/ل٤٣٤). وە حافیزی میززیش ئەفەرمووێ: ئیبن و حیببان لە کتێبی (الثقات) متمانە پێکراوەکان هێناویەتی"، وە لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێ: ئەم ئیمامانە لێیەوە ڕیوایەتیان کردووە "بوخاری لە کتێبی (قراء خلف الإمام)، وە ترمذی و ئیبن و ماجەو ئیبراهیمی کوڕی محمدی کوڕی حەسەن و ئەبو حاتەمی محمدی کوڕی ئیدریسی ڕازی و محمدی کوڕی عبد الله سلێمانی حەضرەمی و محمدی کوڕی عەلی حەکیمی ترمذی و محمدی کوڕی

یەحیای مەندەی ئەصبەهانی لێیەوە"، وە ئەویش لەمانەی ڕیوایەتکردووە: "باوکی خۆی کە ئەسباطی کوڕی محمدی قوڕەشیە، وە لە سوفیانی کوڕی عوقبەی سوائی و عبد الله کوڕی ئیدریس و عوبەیدی کوڕی سەعیدی ئومەوی و یەحیای کوڕی یەمان"، وە محمدی کوڕی عبد الله حەضرەمی ئەفەرمووێ: "متمانە پێکراوە"، بڕوانە: (تهذیب الكمال في أسماء الرجال)(ب١٩/ل١٨٥/ژ٣٧٠١) ط. مؤسسة الرسالة. منیش ئەڵێم: گەڕامەوە سەر کتێبەکەی ئەبو وەلیدی باجی کە قسەی لەسەر گشت پیاوەکانی صەحیحی بوخاری کردووە لەوێ پێناسەی عوبەیدم نەبینی جگە لە ئەسباطی باوکی نەبێت، وە ئەوەی حافیزی میززیش ئەیڵێ لەوانەیە سەهووی کردبێت چونکە بوخاری لە (كتاب خلف قراءة النبِي) هیچ ڕیوایەتێکی لەوانەوە نەهێناوە تەنیا ئەو ڕیوایەتە نەبێ کە لە شەیخی خۆی محمدی کوڕی موقاتیل ئەویش لە ئەسباطي کوڕی محمدەوە ڕیوایەتی کردووە لە (صحیح البخاری)(ژ٤٥٧٩) كتاب التفسیر.

ب ـ ئەبو عبد الله سوفیانی کوڕی سەعیدی کوڕی مەسڕوقی سەوری: ئیبن و حەجەر لەبارەیەوە ئەفەرمووێ: "متمانە پێکراوو حافیزو شەڕعزان و عابیدو ئیمام و حوجە بووە، لەسەرووی چینی حەوتەمە، وە کەم جارانێکیش تەدلیس

ئەكات، لەساڵی ١٦١ کۆچی وەفاتی کردووە". بڕوانە: (تقريب التهذيب)(ب١/ل٣٩٤/ژ٢٤٥٨). وە (سير الأعلام النبلاء)(ب٧/ل٢٣٠).

ج ـ ئەبو بەکری قوڕئان خوێن عاصمی کوڕی بەهدەلە کە ئیبن و ئەبی نەجودی کوفیە: ئیبن حەجەر ئەفەرمووێت: "ڕاستگۆیەو وەهمیشی هەیە، وە فەرموودەشی لە هەردوو صەحیحەیندا بەیەك بەستراوەتەوە"، بڕوانە (تقريب التهذيب)(ب١/ل٤٧١/ژ٣٠٧١). فەرموودەی بەیەك بەستراوەتەوە ئەوەیە: کەسی فەرموودە گێڕەڕەوەکە بڵێ: فلان و فلان بۆیان باس کردین (حدثنا فلان وفلان)، جا متمانەپێککراوەکە هیچ زیانێکی پێ ناگەیێنرێت بەهۆی ئەو ڕاویە زەعیفەی کە لەو نزیککراوەتەوە بەڵکوو سوودی بۆ ڕاویە زەعیفەکەش ئەبێت، پوختەی وتە هەواڵەکە زیاتر بەهێز ئەبێت ئەگەرچی ئەو فەرموودەی کە موتابەعەشی کراوە زەعیف بێت، جا بوخاری و موسلیم فەرموودەیان لەو پیاوەوە ڕیوایەت نەکردووە تەنیا بۆ بەهێزکردنی ئەو چەند ڕیوایەتەی خۆیان فەرموودەی ئەو پیاوەیان وەك بەیەك بەستنەوەیەك و نزیکخراوەیەك بەکاریان هێناوە.

د ـ ئەبو مەڕیەمی زیرری کوڕی حوبەیشی ئەسەدی کوفی: ئیبن و حەجەر ئەفەرمووێت: "متمانە پێکراوو گەورەو مەزنە، وە لە چینی دووەمە، لەساڵی

٨٢ یان ٨٣ کۆچی وەفاتی کردووە"، وە زەهەبیش ئەفەرمووێت: زەمانی جاهیلیشی بینیوە، واتە سەردەمی پێش ئیسلامەتی، وە کە وەفاتیشی کرد تەمەنی ١٢٧ یان ١٢٢ساڵ بوو واللە اعلم. بڕوانە: (تقریب التهذیب)(ب١/ل٣٣٦/ژ٢٠١٩). وة (سیر الأعلام النبلاء)(ب٤/ل١٦٧).

ع ـ عبد اللە کوڕی مەسعودی کوڕی غافیلی کوڕی حەبیبە، نەژادی بەرێزیان ئەچێتەوە سەر موضەرو نزار، واتە: لە باپیرە گەورەکانیان لەگەڵ پێغەمبەری خواﷺ یەك ئەگرنەوەو لەیەك هۆزو بنەماڵەن، دوای بیست و پێنج کەس لەوانەی کە لەسەرەتا بوونە موسڵمان ئەو بووەتە موسڵمان، پیاوێکی ئەسمەری کورتە بالأو زەعیف بووە. وە یەکێکە لە هاوەڵە کۆچەریەکان، زانایەکی بەرزی نێو هاوەڵی پێغەمبەری خوا بووەﷺ، توانیویەتی لەگشت جەنگەکان لەگەڵ پێغەمبەری خوایەﷺ بەژداری بکات، وە شەست و چوار فەرموودەی لە صەحیحەین بە موتتەفیقی ڕیوایەتی لێوە کراوە، وە بوخاریش بیست و یەك فەرموودەی بە جیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە موسلیمیش سی و پێنج فەرموودەی بەجیا لێوە ڕیوایەت کردووە، وە باقی فەرموودەکانی لای ئەوانەش ئەگاتە هەشت سەدو چل فەرموودە بە دووبارەوە، یەحیای کوڕی عوتبە ئەفەرمووێت: "شەست و سێ سالآن ژیاوە"، وە یەحیای کوڕی کەثیریش

واتە: لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: دونیا لەناوناچێت هەتاوەکوو پیاوێك لە ئال و بەیتەکەم دەسەڵاتی عەرەبەکان دەگرێتە دەست، ناوەکەی وەکوو ناوی منە. (ئیمامی ترمذی دەفەرمووێ: لەو بابەدا لە عەلی و ئەبو سەعیدو ئومم و سەلەمەو ئەبو هوڕەیرەوەش گێڕدراوەتەوە، وە فەرموودەیەکی حەسەن و صەحیحە).

---

ئەفەرمووێ: "لە ساڵی سی و سێ کۆچی وەفاتی کردووە"، زەهەبیش ئەفەرمووێ: "لەوانەیە لەسەرەتاکەی وەفاتی کردبێ"، وە هەندێکیش ئەفەرموون: "سێ ساڵان بەر لە ئیمامی عوسمان وەفاتی کردووە".بڕوانە: (سیر الأعلام النبلاء)(ب١_ل٤٦٢) ط. مؤسسة الرسالة.

**٨. أخبرني أبو بكر بن دارم الحافظ بالكوفة ثنا محمد بن عثمان بن سعيد القرشي ثنا يزيد بن محمد الثقفي ثنا حبان بن سدير عن عمرو بن قيس الملائي عن الحكم عن إبراهيم عن علقمة بن قيس وعبيدة السلماني عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال :أتينا رسول الله صلى الله عليه وسلم فخرج إلينا مستبشراً يعرف السرور في وجهه، فما سألناه عن شيء إلاَّ أخبرنا به ولا سكتنا إلا ابتدأنا، حتى مرَّ فتية من بني هاشم فيهم الحسن والحسين، فلمَّا رآهم التزمهم وانهملت عيناه، فقلنا: يا رسول الله، ما نزال نرى في وجهك شيئاً نكرهه، فقال: إنا أهل بيت اختار الله لنا الآخرة على الدنيا، وأنه سيلقى أهل بيتي من بعدي تطريداً وتشريداً في البلاد، حتى ترتفع رايات سود من المشرق فيسألون الحق فلا يعطونه ثم يسألونه فلا يعطونه ثم يسألونه فلا يعطونه، فيقاتلون فينصرون، فمن أدركه منكم أو من أعقابكم فليأت إمام أهل بيتي ولو حبواً على الثلج، فإنها رايات هدى يدفعونها إلى رجل من أهل بيتي يواطئ اسمه اسمي واسم أبيه اسم أبي، فيملك الأرض فيملؤها قسطاً وعدلاً كما ملئت جوراً وظلماً [٢١].**

---

[٢١] هەڵبەستراوە. حاکم لە (مستدرك حاكم)(ژ٨٥٠٠) ڕیوایەتی کردووە. حاکم لەسەر ئەم ڕیوایەتە بێ دەنگە وە ئیمامی زەهەبیش ئەفەرمووێت:" ئەم

واتە: عبد الله کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لیٚ بیٚ دەفەرمووێ: هاتینە لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، ئەویش بە ڕووخۆشی هاتە دەرەوە بۆ لامان کە بە ڕووخساریەوە ئەزانرا، ئێمەش هەر پرسیارێکمان لێی کرد ئیللا وەڵامی لەبارەوە بە ئێمەدا، وە هەر بیٚ دەنگیەکیشمان نواندبیٚ دووبارە دەستمان بە پرسیار کردووەتەوە، تا ئەو کاتەی کە چەند گەنجێکی بەنو هاشم بەلاماندا تێپەڕین کە حەسەن و حوسێنیشیان تێدابوو، ئەویش سەیری کردن و فرمێسک لە چاوەکانی هاتنە خوارەوە، ئێمەش گوتمان: یا رسول الله صلی الله علیه وسلم شتێك لە ڕووخساری تۆدا دەبینین پێمان ناخۆشە، ئەویش فەرمووێ: ئێمەی ئاڵ و بەیت خوای گەورە دوارۆژی بۆ هەڵبژاردووین بەسەر دونیادا، ئاڵ و بەیتەکەم لە دوای خۆم دووچاری دەرکردن و ئاوارەیی و دەرپەڕاندن دێن لە وڵاتدا، هەتا ئەو کاتەی ئاڵا ڕەشەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەچن و داوای حەق دەکەن کەچی نایاندرێتێ، پاشان داوای دەکەن کەچی نایاندرێتێ، پاشان داوای دەکەن

---

فەرموودەیە هەڵبەستراوە"، واتە: درۆیە، بڕوانە: (تلخيص الذهبي على مستدرك الحاكم)(ب٤/ل٤٦٤) كتاب الفتن والملاحم _ ذكر خروج المهدي عليه السلام. طبعة مجلس دائرة المعارف النظامية الكائنة في الهند.

کەچی نایاندرێتێ، دواتر جەنگ دەکەن و سەردەکەون، جا ئەگەر یەکێ لە ئێوە بەوان گەیشت یاخود وەچەکانی ئێوە بەوان گەیشتن ئەوە با خۆی بگەیەنێتە ئیمامی ئال و بەیتەکەم ئەگەرچی لەسەر دەست و چۆکەکانیشی بڕوات بەسەر بەفردا، ئەم ئالآیانە ئالآیانێکی ڕێنموویی کراون و دەیدەنە پیاوێکی ئال و بەیتەکەم کە ناوی وەکوو ناوی منەو ناوی باوکیشی وەکوو ناوی باوکی منە، دواتر دەسەڵاتی زەوی دەگرێتە دەست و زەوی پڕ دەکات لە دادو یەکسانی هەروەکوو چۆن لە پێشتردا پڕ ببوو لە تاوان و ستەمکاری.

**٩. حديث سفيان الثوري ، وشعبة ، وزائدة ، وغيرهم من أئمة المسلمين ، عن عاصم ابن بهدلة ، عن زر بن حبيش ، عن عبد الله بن مسعود–رضي الله عنه – عن النبي – صلى الله عليه وآله وسلم – أنه قال :لا تذهب الأيام والليالي حتى يملك رجل من أهل بيتي يواطي اسمه اسمي ، واسم أبيه اسم أبي، فيملأ الأرض قسطا وعدلا كما ملئت جورا وظلما[٢٢].**

---

[٢٢] صەحیحە. حاکم لە (مستدرك حاکم)(ژ٨٤٣١) ڕیوایەتی کردووە. وە زەهەبیش بە صەحیحی داناوە بڕوانە: (تلخيص الذهبِي على مستدرك الحاكم)(ب٤/ل٤٤٢).

**واتە: لە عبد الله کوڕی مەسعودەوە ڕەزای خوای لیٚ بیٚ گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: ڕۆژوو شەوەکان نارِۆن و کۆتاییان پیٚ نایێ هەتاوەکوو پیاوێك لە ئال و بەیتەکەم دەسەڵات دەگرێتە دەست، ناوەکەی وەکوو ناوی منەو، ناوی باوکیشی وەکوو ناوی باوکی منە، زەوی پڕ دەکات ...... .**

**١٠. أخبرني أبو العباس محمد بن أحمد المحبوبي بمرو ثنا سعيد بن مسعود ثنا النضر بن شميل ثنا سليمان بن عبيد ثنا أبو الصديق الناجي عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال ( يخرج في آخر أمتي المهدي ؛ يسقيه الله الغيث ، تخرج الأرض نباتها و يعطى المال صحاحاً وتكثر الماشية وتعظم الأمة يعيش سبعاً أو ثمانياً )[٢٣] .**

**واتە: لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: لە کۆتایی ئوممەتەکەمدا کەسیٚ دەردەچیٚ**

---

[٢٣] صەحیحە. حاکم لە (مستدرك حاکم)(ژ٨٧٣٧) ڕیوایەتی کردووە. حاکم ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی صەحیحە بوخاری و موسلیم تەخریجیان نەکردووە" وە زەهەبیش موافیقە لەسەری. بڕوانە: (تلخيص الذهبِي على مستدرك الحاكم)(ب٤/ل٥٥٨).

که بەهۆیەوە خوای گەورە باران دەبارێنێ و، زەویش گژوگیاو بەربوومی خۆی دەردەخات و، ماڵ و سامان بە یەکسانی دەبەخشێ و، هۆکارەکانی ڕۆیشتن زۆر دەکات و، ئوممەتیش بە گەورەو مەزن ڕادەگرێ، وە حەوت ساڵان یاخود هەشت ساڵان دەژێ.

١١. عن أبي سعيد الخدري قال: قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم" أبشركم بالمهدي، يبعث على اختلاف من الناس وزلازل، فيملأ الأرض قسطا وعدلا كما ملئت جورا وظلما، يرضى عنه ساكن السماء وساكن الأرض، يقسم المال صحاحا". قال له رجل: ما صحاحا؟ قال: " بالسوية بين الناس، ويملأ الله قلوب أمة محمد – صلى الله عليه وسلم – غناء، ويسعهم عدله، حتى يأمر مناديا فينادي فيقول: من له في مال حاجة ؟ فما يقوم من الناس إلا رجل واحد فيقول: أنا. فيقول: إئت السدان – يعني الخازن – فقل له: إن المهدي يأمرك أن تعطيني مالا. فيقول له: احث، حتى إذا جعله في حجره وائتزره ندم، فيقول: كنت أجشع أمة محمد – صلى الله عليه وسلم – أو عجز عني ما وسعهم". قال: " فيرده فلا يقبل منه، فيقال له: إنا لا نأخذ

**شيئا أعطيناه، فيكون كذلك سبع سنين أو ثمان سنين أو تسع سنين، ثم لا خير في العيش بعده". أو قال: " ثم لا خير في الحياة بعده"[٢٤].**

**واته: لە ئەبو سەعیدی خودریەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: موژدەتان پێ دەدەم بە مەهدی، خوای گەورە دەینێرێ لە کاتی ڕاجیایی کەوتنە نێو ئوممەتم و کەوتنەوەی بوومەلەرزەکانەوە، زەوی پڕ دەکات لە دادو یەکسانی هەروەکوو چۆن پڕ بوو لە تاوان و ستەمکاری، ئەم مەهدیە سیفەتی وایە کە دانیشتوانی ئاسمان و زەوی لێی ڕازین، ماڵ و سامان بە صیحاح دابەش دەکات، پیاوێکیش گوتی: صیحاح چیە؟ ئەویش فەرمووی: یەکسانیە لە نێوان خەڵکی، وە خوای گەورە دڵەکانی ئوممەتی محمد صلى الله عليه وسلم پڕ لە بێ**

---

[٢٤] حەسەنە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێت: ترمذی و غەیری ئەویش زۆر بەکورتی ڕیوایەتیان کردووە، ئەم فەرموودەیەش ئەحمەد بە چەند سەنەدێك وە ئەبو یەعلاش زۆر بەکورتی ڕیوایەتیان کردووەو پیاوەکانیشیان متمانە پێکراون (ثقات)، بڕوانە: (مجمع الزوائد ومنبع الفوائد)(ب٧_ل٣١٤) كتاب الفتن. ط. دار الكتب العربي.

ئیحتیاجی یاخود دەوڵەمەندی دەکات، حاڵ و وەزعیان خۆش و فراوان دەکات بەهۆی دادگەرییەکەیەوە، هەتا فەرمان بە بانگەرێك دەکرێ کە بڵێتن: کێ پێویستی بە ماڵ و سامان هەیە؟ هیچ کەسێك نایەوێ جگە لە پیاوێك نەبێ کە دەڵێ من پێویستم پێ هەیە، برۆ بەسەرپەرشتی کاری گەنجینەی دەوڵەت بڵێ کە مەهدی فەرمانت پێ دەکات کە ماڵم بدەیتێ، ئەوانیش ماڵ و سامانێکی زۆری پێ دەدەن بەجۆرێ کە بەرك و گیرفان و کۆشی پڕ لەو سامانە دەکات تا وای لێ دێ پەشیمان دەبێتەوەو دەڵێ: من چاوچنۆکترین کەسی ئوممەتی محمدیمە صلی الله علیه وسلم، یاخود توخوا دەستگوشادی و فراوانی ئەوان بۆمن بەس نەبوو، هەڵدەستێ ماڵو سامانەکە بگەڕێنێـەوە کەچی لێی وەرناگیرێتەوە، پێی دەگوترێ: ئێمە شتێك وەرناگیرینەوە کە بەخشیومانە، ئیتر حاڵی خەڵکی ئەم زەمانە بەو جۆرە دەبێ حەوت ساڵان یاخود هەشت ساڵان یاخود نۆ ساڵان، دوای ئەمە ژیان و خۆشی نامێنێ، یاخود فەرمووێ: چاکە لە ژیاندا نیە لە دوای ئەمە.

**١٢. وعن قرة بن إياس قال : قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم : "لتملأن الأرض ظلما وجورا، فإذا ملئت جورا وظلما بعث الله رجلا مني، اسمه اسمي، واسم أبيه اسم أبي، يملؤها عدلا وقسطا كما ملئت جورا وظلما، فلا تمنع السماء شيئا من قطرها، ولا الأرض شيئا من نباتها، يلبث فيكم سبعا أو ثمانيا أو تسعا – يعني سنين "[٢٥].**

**واته: لە قورەتی کوڕی ئیاسەوە گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: زەوی پڕ دەبێ لە تاوان و ستەم، جا ئەگەر پڕ بوو لەوە ئەوە خوای گەورە پیاوێك لە مندا دەنێرێ (واتە: بنەماڵەکەی ئەو)، جا ناوی ئەو پیاوە وەکوو ناوی منەو، ناوی باوکیشی وەکوو ناوی منە، زەوی پڕ دەکات لە دادو یەکسانی هەروەکوو چۆن لە پێشتردا پڕ ببوو لە تاوان ستەمکاری، لەو کاتەدا ڕێگری لە ئاسمان ناکرێ**

---

[٢٥] زەعیفە. ئیبن و حەجەری هەیثەمی ئەفەرمووێ: "بەزار ڕیوایەتی کردووەو تەبەڕانیش لە (کبیرو أوسط) بە ڕێگای داودی کوڕی میحبەری کوڕی قوحذەم ئەویش لە باوکیەوە هەردووکیان زەعیفن بڕوانە: (مجمع الزوائد ومنبع الفوائد)(ب٧_ل٣١٤).

لە باراندنی باران، وە لە زەویش لە ڕوواندنی گژوگیاو بەرووبوومەکانی، جا حەوت یاخود هەشت یان نۆ سالآن لە نێو ئێوەدا دەمێنێتەوە.

## خولاصە:

هاتنی محمدی مەهدی بەگوێرەی ئەو وەصفانە حەقەو بڕوامان پێی هەیە ئەوەی لە فەرموودە صەحیحەکاندا جێگیربووە، وە پێمان وایە ئەوانەی ئینکاری دەکەن پێی فاسق دەبن، چونکە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەری ئەکرەم صلی الله علیه وسلم ڕەتدەکەنەوە، وە لەبەر ئەوەش بابەتی مەهدی بەگوێرەی فەرموودە صەحیحەکان دەچێتە بابەتی موعجیزاتی سەروەرمان و هەواڵی لەبارەوە داوە، ئەمەش جۆرێکە لە غەیبیاتەکان، بۆیە ئەوەی ئینکاری بکات ئەوە سیفەتێکی ئەهلی بیدعەی لەخۆدا بەرجەستەکردووە، ئەمما تەکفیر کردنی ئەو جۆرە کەسانە لەسەر بابەتێکی ئاوەها کارێکی جاهیلانەیەو ناحلّی بوونە لەشەرعی پیرۆزمان.

وصلی الله وسلم وبارك علی سیدنا محمد وآله وصحبه أجمعین